# نامەی نێوان ئەدیبان

سەباح ڕەنجدەر

# نامەی نێوان ئەدیبان

سەباح ڕەنجدەر

هەولێر – ٢٠١٧

بیروڕاگەلێك کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە.


- ناوی کتێب: نامەی نێوان ئەدیبان.
- نووسەر: کۆمەڵێك نووسەر .
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
- پیتچنین: یاد سەباح ڕەنجدەر .
- هەڵەبڕی: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل.
- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٣٤٠)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٤٣١ )ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.



– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.

– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

# ناوەرۆك


١- هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران........................ ٧

٢- قادر مینه.......................................٩

٣- عیسا چیایی....................................١١

٤- نەجاتی عەبدوڵڵا................................١٢

٥- هیوا قادر......................................١٤

٦- سەباح ئیسماعیل...............................١٧

٧- کاروان عومەر کاکەسوور.........................١٨

٨- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ..........................١٩

٩- سەلام محەمەد ..................................٢٧

١٠- ناڵە حەسەن ....................................٢٨

١١- جەمال غەمبار..................................٢٩

١٢- هێمن عومەر خۆشناو ..............................٣٠

١٣- عەبدوڵڵا سەراج ..................................٣٧

١٤- سەلاّح شوان.....................................٤٥

١٥- سەدیق سەعید ڕواندزی .............................٤٨

١٦- فەرهاد شاکەلی ...................................٥٠

١٧- فەرهاد شاکەلی ...................................٥٢

١٨- ئیسماعیل تەنیا..................................٥٤

١٩- عەبدوڵڵا سەراج..................................٥٥

٢٠- عەبدولڕەزاق بیمار..............................٧٣

٢١ - عیسا چیایی....................................٨٠

تێبینی: نامەکانم بەپێی مێژووی نووسینیان بەدوای یەکدا داناون و تاڕادەیەکیش ڕێنووسەکانم یەکخستوون.

# ١

کاکــه ســهباح ڕەنجــدەر: ســڵاو و خۆشەویســتی زۆرم قبــووڵ بفــەرموون. ئەوکاتەی لە هەولێر لە کۆلێـژی ئادابـدا قوتـابی بەشـی کـوردی بـووم، تـۆم دەبینـی لـە کـۆڕە شـیعرییەکانی لاوان شـیعرت دەخوێنـدەوە و لـە هـەموویان بـە گـوڕ و تینـتر بـووی، حەماسـێکی سـەیرت تێـدابوو، هیـوای زۆرم لێـت چـاوەڕوان دەکـرد. زۆرجاریش لەگـەڵ بـرادەرانم: **(دکتـۆر دڵشـاد عـەلی و دکتـۆر فەرەیـدوون عەبـدول بـەرزنجی)** باسـی ئـەو توانایـەی تۆمـان دەکـرد. زوو زووش سـەردانی کۆلێـژی ئادابـت دەکـرد، وابـزانم ئاشـقی کیـژێکی کۆلێژەکـەمان ببـووی. جـا نـازانم ئەشـقەکەت چـی پێکـردی. لـەم ڕۆژانـەدا کۆمەڵـە شـیعرێکتم لـەلای مامۆسـتا: **(ئـەژی گـۆران)** بینـی و بـۆ خوێندنـەوە لـێم خواسـت. بەڕاسـتی ئـەو هیوایـەی لـە گەنجییەتـەوە لـێم چـاوەڕوان دەکردیـت، لـەم کۆمەڵـە شـیعرەتدا: (ڕووەکـەکانی خوداوەنـد) هێناوتـە دی. بـە هیـوام ببیتـە ڕەمزێکـی گـرینگ لـە شـیعری نـوێی کوردیـدا، زۆریـش پشـت قـایم بـەو هیـوا خواسـتنەم. لەگـەڵ مامۆسـتا: **(جـەمال شـارباژێڕی)**ش باسـی ئـەو توانایـەی تـۆم کـرد، ئـەمیش بۆچـوونی لەبارەتـەوە زۆر بـاش بـوو، گوتیشـی مـن لـە هەشـتاکاندا یەکـەم کتێبـی چـاپکراویم: (زێـوان) خوێندووەتـەوە، توانـای دەناسـم. دوای خـۆم بـۆ خوێندنـەوە دام بـە: **(عوسمـان شـەیدا)**ش ئـەمیش بۆچـوونی ئێجگـار بـاش بـوو، وەك شـاعیرێکی بـە دەسـەڵات و

خـــاوەن ئـــەزموون تەماشـــات دەكـــات و دەڵێـــت: جیهـــان لـــە زەینیـــدا خـــۆی چـــڕكردووەتەوە، بـــەڵام پێكهاتـــەی ڕوون نییـــە. زۆر تێبینـــی وردی تریشـــی لـــەبارەی كۆمەڵە شیعرەكەتەوە هەبوو، حەزیشی دەكرد بتناسێت.

دیاردەیـــەكی زۆر ئیجـــابی لـــە بەرهـــەمی تـــۆدا دەبینرێـــت. ئـــەمیش ئەوەیـــە شاعیرە گەنجـەكان كەوتوونەتـە بـەر شـەپۆلی لاسـاییكردنەوەی شـیعری فارسـی. تـۆ خۆت لەمـە پاراسـتووە و بـە خـەتی شـێواز و بـیر و بیركردنـەوەی خۆتـدا دەڕۆیـت. هـــەمان دیـــاردە لـــە شـــیعری قۆنـــاخی حەفتایەكانیشـــدا هـــەبوو، زۆرینـــەیان كەوتبوونەتـە ژێـر كاریگـەری شـێوازی شـیعری عـەرەبی، كەچـی: **(ئـەنوەر قـادر محەمـەد)** بەخـەتی شـێوازی خۆیـدا دەڕۆیشـت و خـۆی پاراسـتبوو لـە شـەپۆلی لاساییكردنەوە. ئەگەر كۆمەڵـە شـیعرەكەت لا مـاوە چـەند دانەیـەكم بـۆ بنێـرە تـا لێـرە بیـدەم بـەو كەسـانەی شـیعر دەناسـن و شـەپۆلی ئـەو لاسـاییكردنەوەیەی شیعری فارسی میزاجی كـوردەواری تێكـداون. بـەهیوام گـەرم و گـوڕتر بیـت لەگـەڵ شیعردا و هەر بە ڕێگای خۆتدا بڕۆیت و بگەی بە خوێنەری خۆت.

**هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران**
**١٩٩٩/٣/١ سلێمانی**

## ٢

بــرا و ئــازیز کاکــە ســەباح ڕەنجــدەر: بــە گــەرمی دەســتەکانت دەگوشــم و چــاوەکانت مــاچ دەکــەم، ئومێــد دەکــەم هەمیشــە لــە کۆڵانــە پێچــاو پێچــەکانی شیعردا چـاوبڕکێ لەگـەڵ تەمومـژدا بکـەیت و بـەدوای سـێبەری گومـان و ڕاڕاییـدا بڕۆیــت، هەرچــەندە هــەموو کووچــە و کۆڵانــەکانیش بــە یــەقین تــەنراون، یــەقینێك جگە لە وەهم هیچی دی نییە.

بـرای خـۆم، سـوپاس بـۆ ئـەو یـەك دوو وشـەی لـە کـۆڵ خـۆ کردنەوەیـە، کـە ویستووتە منیان پـێ بخەیتـە کـەمین و قـەرزدارم بکەیتـەوە. بەهـەر حـاڵ بـڕوا بکـە منێك، کـە زاکـیرەم فـیراق و تـەنیایی و غوربـەتی لـێ دەتکـێ، ئێـوەم هـەردەم لـە خـەیاڵ بـووە و ئێـوارانی مەچـکۆ و پیاسـەی شەسـتیم هەمیشـە لەگەڵـدان و ئـەو دیوانە نوێیەشت پـیرۆزە و هەرچـەندە هێشـتا نـازانم لاپـەڕەکانی ئاسمـانن بـۆ فـڕین، یـان دەبنــە هەنوایــەك بــۆ منێــك، کــە شەســتەبارانی تــەنیایی خەریکــە کــەوەڕێم دەکات. بەو ئومێدەی بۆم ڕەوان بکەیت.

ڕێــزی زۆرم هەیــە بــۆ بــراژنم و چــاوی (خــەون و وەرز و شــایی) مــاچ دەکــەم و دایکــی هــاوێر بــە هــەمان شــێوە هــەواڵتان دەپرســێت و (هــاوێر)یش دەســتەکانتان ماچ دەکات.

بــرای خــۆم، لەگــەڵ (بورهــان) کــە لای مــن بــوو، ئێســتاش تــەنیا دوازدە

سەعات بە شەمەندەفەر لە مەن دووره. زۆر باسمان کردی و بە وردی لە هەواڵم پرسی، دەزانم ئەو ڕووبەرەی، کە لەوێ ئەدیبان ئیشی تێدا دەکەن چۆنە و زەحمەتە تۆ بتوانی لەو جۆره فەزایانە هەڵبکەی، لە ڕێی شیعرەوە هەناسە هەڵکێشە و گوێ مەدە ڕەشەبا. دەزانم ئەوانەی دوێنێ خۆیان بەنوێخواز دەزانی، ئەمڕۆ قاچی نوێخوازان دەگرن.

تەنیا لە ڕێی هەندێك ژمارەی گۆڤارەکانەوە ئاگام لە وەزعی ڕۆشنبیریی لای ئێوەیە و ئەو شتانەی دیومن تەنیا مەلەکردنێکن لە کەنار و خەونی کورتخایەنن و نەیانتوانیوە لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ سەفەر، کە من ئەوەم لە شیعردا داوایە.

قسە زۆرن بۆ کردن و ئەم چەند وشەیەم تەنیا وەکو دەست گوشینێك لێ وەربگرە، چونکە هەڵگری نووسراو غەدری لێ کردم و یەکسەر گوتی سەفەر دەکەم دەرفەتێکی بۆ نەهێشتمەوە تێیدا بیر بکەمەوە و لەو دیو دارستانە نائاساییەکانی وشەوە لەگەڵتدا بدوێم. چاوەکانت ماچ دەکەم و بمێنیت بۆمان.

**قادر مینە**
**٢٠٠٠/٢/٢ ئەڵمانیا**

# ٣

هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاکە سەباح ڕەنجدەر: سڵاوی شیعر و داهێنان: دنیایەك ڕێز و خۆشەویستیم لێ وەرگرن. هەواڵتان دەپرسم، لە جەنجاڵی ڕۆتینی ڕۆژانە و مردنی زۆر و لەدایکبوونی کەمدا.

کتێبەکەتانم پێ گەیشت، بە ڕێگای: (**محەمەد کوردۆ**)ی هاوڕێماندا. دەمێکە دووراودوور بە وردی موتابەعەی ئەزموونی ئێوە دەکەم. پێم خۆشە لە نزیکەوە بتانبینم و بتناسم و قسەی زۆرتر بکەین.

لەگەڵ ئەو تێبینییانەی لەبارەی ئەزموونی ئێوە دەوترێت، بە باش و بە خراپەوە، لە نەوەی ئێوەدا زیاتر لە هەمووان تۆ بوویەتە جێگای شانازیی من و گۆڕانکاری بەردەوام لە بەرهەمەکانتدا لەدایك دەبێت. لەکۆتایی هەشتایەکاندا: (زێوان)م لە بەغدا لەهاوڕێم: (**نەژاد عەزیز سورمێ**) خواست بۆ خوێندنەوە. تاکو ئێستاش لام ماوەتەوە و بۆم نەگەڕاندووەتەوە، داوای لێبووردنی لێ دەکەم. من زۆر ڕێز لەو هێمنی و جیاوازییەی داهێنانی ئێوە دەگرم و لێشی دڵنیام. بە هیوای دۆزینەوەی دنیای تازە و دیدگای تازەتر و خەونی گەورە و میهرەبان و ئەزەلی.

ڕەنگە ئەمە تەنیا بەسەر کردنەوەیەك بێت، سوپاسێك بێت. تا شادبوونمان بە دیدارتان. حورمەت و خۆشەویستیی بێ تخوومان بفەرموون.

**عیسا چیایی**

**٢٠٠٠/٦/٦ دەربەندیخان**

# ٤

درەختــی بەرائــەت و (زێــوان)ی پــاکی، خۆشــخوانی خــەون و شــیعر و ســبەینێ، کاکــە ســەباح ڕەنجــدەر: وەك هەمیشــە مــاچ و گــوڵ و ڕووبارێــك لــە خۆشەویســتی، بە هیوای شــاد و بێــوەی بــن. ڕێــزم بــۆ ماڵــەوە و چــاوی منداڵــە خۆشەویســتەکانت (خــەون و وەرز و شــایی) مــاچ دەکــەم، کــە دڵنیــام ئێســتا بوونــە ســێ درەختــی هەڵکشاو، باڵا بەرز و هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.

کــاکی شــیرینم کاکــە ســەباح: زۆرم قســە پێیــە، بــەڵام چــۆن دەخرێنــە ســەر قاقــەز، زەمــەن دێــت و دەڕوا، تەمــەن هەڵدەکشــێ، خــەون و پــڕۆژەم یــەکجار زۆرن، بــەڵام بــۆ شەشــەمین ســاڵ دەچــێت مــن تــەنیا لــەناو خوێنــدنی ئەکادیمیــدا دەژیــم، بــواری نووســینم یــەکجار کەمــە و هێشــتان چــوار پێــنج ســاڵی دیکەشــم مــاوە بــۆ خوێنــدن تــەواوکردن، هێنــدێك کــاری وەرگێــڕانم کــردووە، شــانۆگەری مێشــەکان - ی (ســارتەر)م کردووەتــە کــوردی، بــەهیوام ئەمســاڵ بڵاوبێتــەوە. لێکۆڵینەوەیــەکی مێژووییشــم بــە دەســتەوەیە، بــڕوام پێبکــە شــتی چــاك هێنــدە زۆرە، کــە تــەواو نابێت. وەکی دیکە نازانم تــۆ بــە چــییەوە خــەریکی. پــڕۆژەی نوێــت چــین. تــۆ لــەناو دەقــی: (کۆڵانــەکانی ڕۆژهەڵات)تــدا زۆر بــە بەرائەتــەوە هــەنگاوی گــەورە گــەورە دەهاوێیت. لە بیرتە من هــەر زوو، لــە ســەرەتای دەســتپێکردنمانەوە پــێم گــوتی: تــۆ دوارۆژ شــاعیرێکی زۆر چــاك و داهێنــەرت لێ دەردەچــێت، ئێســتا ئــەمڕۆ بــاڵای

شیعرت هێنده هەڵکشاوه، گەلێك گەلێك لە خۆت بەرزتر. بەدڵ سەربەرزم ئاوا بە هێمنی و دوور لە هیچ خۆ بردنە پێشێك هەنگاوی گەوره دەهاوێیت. شاعیره گەورەکانی خۆمان و دنیاش هەروەك ئەو هێمنییەی تۆیان هەڵبژاردووه و ژیاون. ئەگەر جار ناجاره کاتت بوو، پێم خۆشه هەواڵتان بزانم و گەلێك دڵشاد دەبم. بڕوابکە زەمەن لە ڕووی جوگرافیاوه زۆر دووری کردینەوه، بەڵام من دڵم هەر لە تۆ نزیکە و لەناو: (کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات)دا پیاسە دەکات. جارێ بەجێتان دەهێڵم و بە هیوای دیداری نزیك، ماڵئاوا.

**نەجاتی عەبدوڵڵا**
**۲۰۰۰/۷/۱۲ پاریس**

## ٥

هـاوڕێم کاکـه سـەباح ڕەنجـدەر: ئاسمانێـك سـڵاو و خۆشەویسـتیم بـۆت هەیـە، هیـوادارم ئێسـتا کـەمتر مانـدووی دەسـتی مافیاکـانی نـاو ئـەدەبی کـوردی بیـت. هاوڕێم تەنیا وەڵامێك و سوکنایییەك بـۆ ڕۆحـی خـۆت، ڕەنگـە هـەر ئـەوە بێـت بـە بێدەنگی خـەریکی نووسـین و عەشـقی خـۆت بیـت، لـە بـیرت نەچـێت ئـەوەی، کـە سـبەینێ دەمێنێتـەوە تـەنیا بەرهـەمی جوانـە، چـونکە بەرهـەمی جـوان ئـەو گەوهەرەیە، کە لە بەرد قایمتر و بە تەمەنترە.

من باشم و ژیـان جارییـە، ئەگـەر شـەپۆلی لـەپڕی خـەمۆکی زۆر نـەمهێنێ و نـەمبا. زۆرجـار نووسـین بـە کـارێکی عەبـەس و هـیچ دەزانم و ڕێ بـە خـۆم دەدەم تـەنیا ئـەو حاڵەتـە شـیعرییانە وەك لـەزەتێکی ڕۆحـی خـۆم تـا دواتنـۆك هەڵیمـژم و لەگەڵیـدا بـژیم، بـەڵام خـۆت دەزانیـت ئـەو دەسـتەڵاتە نادیـارەش هەمیشـە قایـل نابێـت بێـدەنگ بێـت و بـڕوات. بەهـەر حـاڵ هەنـدێ وردە پـڕۆژەی نووسـینم هـەن، بـەڵام وەك ئەسـپی بـەر عەرەبانـە مـاوەم نییـە قـایش لـەخۆم بکەمـەوە و بـە هێمنـی دانیشـم بنووسـم. ژیـانی ئـەم مەنفایـە کوشـندەیە، لێـرە هـەموو شـتێك بـەهای پـارەی هەیـە، کـە نـەتبێت ناتوانیـت بژیت، کە هەشتبێت ناتوانیت نووسەر بیت.

خـەنی لـە ئێـوە، کـە دەتـوانن وەك نووسـەر بـژین و بنووسـن، هـیچ نییـە

ئـەو شـەڕانەی تـر، کـە پێـت دەفرۆشـرێن، بـەس نییـە دەزانیـت کـێن ئـەو پیـاوە بچـووکانەی، کـە بـەناوی ئەدەبـەوە شـەڕ دەفرۆشـن، چـما ئـەدەب جـوانکردنی ژیـان و عەشـق نییـە، کەواتـە: خـەمی ناوێـت هەڵبەتـە دەبێـت درزێکـی گـەورە لـە ڕۆحـی ئـەو باوەعەمرانـەدا هـەبێت، خـۆ لێـرە هـاوڕێم ئـەوەی شـەڕت پـێ دەفرۆشـێت سیسـتەمێکە و دەموچـاوی کەسـەکان نابینێـت، لـە درزی دەرگـای پۆسـتەکەی ماڵـەوە خـۆی دەکـات بـە ژووردا و بێ خوێن دەتکوژێت.

هـاوڕێ گیـان، ببـوورە، کـە وەڵامـی پرسـیارەکانتم زۆر درەنـگ خسـت، بەدەسـت خـۆم نـەبوو، کـە گەڕامـەوە لـە کوردسـتان نەمپـەرژا وەڵامـی پرسـیارەکانت تەواوکـەم، کـە گەیشتیشـمەوە کۆمپیوتەرەکـەم تێکچـوو هـەموو وەڵامەکانیشـم فـەوتان، چـاوەڕوانی ئـەو وەڵام و پرسـیارانە بـووم، کـە لـە کوردستان لە ماڵەوە لـەبیرم کردبـوون، دەمێکیشـە تـەواوم کـردووە، بـەڵام هـەم تەمەڵی و هـەم نـەبوونی قاسـیدێك وا وەڵامـەکانی دواخسـت بگـەن بەدەسـتت. ئەگـەر پرسـیارێکت لـەلا دروسـت بـوو دوای خوێندنـەوەی وەڵامـەکان بـە ئیمەیل، یـان فـاکس بـۆم بنێـرە و مـن بـە زووتـرین کـات وەڵامـت دەدەمـەوە. ئەگـەر نـاش لەگـەڵ گەیشـتنی بەدەسـتت یـەك ئیمـەیلم بـۆ بکـە تـا دڵنیـابم چاوەکەم.

وا لەگەڵ ئەم دیسکەدا شیعرێکی کـۆنی خۆشمـت بـۆ دەنێـرم، کـە هێشـتا بـڵاوم نەکردۆتـەوە، بـە ئـەرك نـەبێت لـە هـەرگۆڤارێك خـۆت پێـت بـاش بـوو، بـۆم دابەزێنـە. بـەو زووانـەش نامیلکەیـەکی شـیعریم هەیـە ڕەنگـە لێـرە، یـان لـە کوردستان چاپی بکەم، جارێ بزانم چۆن دەبێت.

ئاگات لە خـۆت بێـت هـاوڕێ گیـان، سـڵاوم بگەیەنـە بـە گـەرد و خـۆڵی تـۆزاوی هەناسەکانی قەڵا، بـە کچـە جوانـەکانی هـەولێر، کـە هـەرگیز لـە مـاڵ نایەنـە دەرێ،

به شێتەکانی سەر جادە، کە جوانترین ئینسانەکانی شارن، بە هەموو هاوڕێیەك کە منی لەبیر ماوە.

سالّی تازەت پیرۆزبێت، بەو ئومێدەی سالّی داهێنان و نووسینت بێت. ماچت دەکەم و خۆشمان دەوێیت

**هیوا قادر**

**ستۆکهۆڵم**

**٢٠٠١/١٢/١٨**

## ٦

برا و خۆشەویستم کاکە سەباح ڕەنجدەر: ئەم کاتەت شاد و بەختەوەر. بە هیوام تەندروستیت باش بێت و ناساغی نەبینیت.

چاوەکەم: سوپاس بۆ هەستی جوانت، ئەو هەستەی لەناو شیعرەکانتەوە پێمان دەگات. دنیایەك خۆم بە قەرزارباری تۆ دەزانم، بەرانبەر بە دڵسافی و ئەو خۆشەویستییەی بەرانبەر وەرگێڕانەکانم دەینوێنیت. لێت ناشارمەوە هەندەی سەرسامم بە شیعرەکانت، چەندین هێندەی ئەوەش سەرسامم بە ڕەفتار و ئاکاری جوانت. وەك ئاشقێکی ئەدەب و شیعر خۆشم دەوێیت و ڕێزت لێ دەگرم. بەردەوام لە هەر کوێیەك بەرهەمەکانت ببینم دەیانخوێنمەوە و چێژیان لێ دەبینم. وەرگێڕی گەورەمان: **(شوکور مستەفا)** جوانی بۆ چووە، گوتوویەتی: یەکێ لەو شاعیرانەی پێی مەست بووم، (سەباح ڕەنجدەر)ە. باوەشێك گوڵ و ڕێزت بۆ دەنێرم.

**سەباح ئیسماعیل**

**٢٠٠٦/٧/٢٢ کەرکوك**

# ٧

هـاورێی ئـازیزم کاکـه سـەباح ڕەنجـدەر: سـڵاو و ڕێـزی زۆرم. چـاوەکانت مـاچ دەکەم، سوپاس بـۆ نامەکـەت، کـە لـە ڕێگـای: **(سـەنگەر زراری)**ی ئـازیزەوە بـۆت نـاردووم. زۆر خۆشـحاڵ بـووم. سـوپاس، کـە گفتوگۆکـەمت خوێندووەتـەوە و بـە دڵـت بـووە. ئـازیزم مـن وەکـو یـەکێك لـە دەنگـە گرینگـەکانی شـیعری ئـەمڕۆی کوردی تۆم ناسیوە. زۆر ڕێـز لـە هێمنییەکەشـت دەگـرم، کـە بەڕاسـتی لـە هێمنیـی هەر شـاعیرێکی داهێنـەری دنیـا دەچێت. ڕاسـتییەکەی چـەند مانگێـك لەمەوبـەر: **(حەمـە کاکـەڕەش)** قەسـیدەیەکی خـۆی بـۆ نـاردم، کـە پێشـەکیی بـۆ بنووسـم. دیـارە هـەمان قەسـیدەی بـۆ چـەند نووسـەرێکی دیکـەش نـاردبوو، لەوانـە بـۆ: **(بـەختیار عـەلی)**. مـن لـەوێ جۆرێـك بـەراوردکاریم لـەنێوان دنیـای تـۆ و ئـەم شیعرەی ئەودا کردووە، بۆیـە پـێم خـۆش بـوو بـۆتی بنێـرم. لـە ژمـارەی داهـاتووی گۆڤـاری: (هـەنار)دا بـڵاو دەکرێتـەوە، بـەڵام لـە ڕێگـای: **(سـەنگەر زراری)**ی ئـازیزەوە بـۆتی دەنێـرم. تکایـە سـڵاو و ڕێـزم بـە بـرادەرانم: **(سـابیر ڕەشـید)** و **(سەلاح عومەر)** و هاوڕێکانی دیکەی هەولێر بگەیەنە. شاد و بەختەوەر بیت.

**کاروان عومەر کاکەسوور**
**٢٠٠٨/٥/١٦ دانیمارك**

## ٨

سڵاو کاك سەباح ئەم کاتەت باش: ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانتم خوێندەوە، ناڵێم هەموو کون و قوژبنیانم تەی کرد، بەڵام شتێکم پێ گەیشت.

لایەنێکی باشی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە زۆرینەی ئەزموونی نووسەرت دەخاتە بەردەست. ئیتر تۆ سەرەتا و کۆتایی، هەڵچوون و کشان و دابەزینت لە بەرچاو دەبێت، یەکێکی تر لە چاکیی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە، گەڕان ماندووت ناکات. من جاری وا هەبووە. بۆ دەقێك، تەنیا دەقێکی شاعیرێك دوو شارم کردووە. بە تایبەت منێك، کە زۆربەی زۆری کتێبە کوردییەکانی جارانم لە بەردەستدا نەماوە، ئێستا زۆر پەشیمانم، چونکە ڕەخنەگر هەمیشە کاری بە دەقە. ئەگەر لە دەق دابڕێیت، ئەوە لە دیمەنی ئەوە یەك بەدوایەکەکاندا دادەبڕێیت. هەر تەنیا خوێندنەوەی تیۆری ڕەخنە بەس نییە بۆ ڕەخنەگر، ئەو دووانە، ئاگابوون لە تیۆر و بەدوای دەقچووندا بە بەردەوامی پێویستە، تەواوکەری یەکترن. تەنیا یەکێکیان و فەرامۆشکردنی ئەوی تریان کارە ڕەخنەییەکە پێ ناگەیەنێت. یەکێك لە لایەنە چاکەکانی ئەزموونی تۆ ئەوەیە، کە خۆت نەداوەتە بەر دەربڕینی ڕاستەوخۆ، کە بۆ خۆی فراوانیی نوێگەری کەم دەکاتەوە و سنووری دیاریکراوی بۆ دادەنێ. دیارە نوێگەریش بێ

سنووره، مەودا و پانتایی بۆ دیاری ناکرێت، هەمیشە لە نووسین و پانتایی سنووردار دوور دەکەوێتەوە.

پەنابردنە بەر دەربڕینی ڕاستەوخۆ زمان پەراوێز دەخات، دەتوانم بڵێم تەئویلبڕە، تاکمەودایی دەخولقێنێ. بەدرێژایی ئەزموونی تۆ، هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوتەوە تا دوا بەرهەمت ئەم خەسڵەتە چاکەت پاراستووە، بە ڕادەیەك کە هەندێك جار بەرەو تەمومژێکی خەستمان دەبات. من تەمومژ بە کارێکی پێویست دەزانم بۆ شیعر، ئەمەیش بەو مانایە نا، خۆمان لە داخراویدا بدۆزینەوە. پێم وایە تەمومژ سروشتی شیعرە، سروشت و خەسڵەتێکە پێوەی لکاوە. تەمومژ تەنانەت لە دەقە روونەکانیشدا هەیە، ئەمە خەسڵەتی شیعرە، چونکە لە ناوچەی هەڵچوون و قووڵایی ناخ و ناوچە نادیارەکانەوە دێت.

لە نیوەی دووەمی ئەزموونتەوە هەست بەوە دەکەم بەرەو زمان و فەزایەکی کراوەتر دەچیت، مەبەستم لە زمان و فەزای کراوە دەقی کراوە نییە، بەڵکو مەبەستم لەو دەقانەیە گیروگرفتی گەیاندن و وەرگرتنیان لەلایەن خوێنەرەوە کەم دەبێتەوە. ئەمە لە کۆمەڵە شیعری: (شەڕی چل ساڵە)، یان هەندێك دەقی ترتدا دەبینرێت.

پێم خۆشە، ئەو پێشەکییانەم پێ خۆشە کەوا لە کتێبەکاندا دەبینرێن و باسی شیعریان تێدا دەکرێت، ئەمانە وەکو مانیفێستی شیعری وان. دید و بۆچوونی شاعیرمان پیشان دەدەن، بۆچوونی: بۆ مۆسیقا، بۆ خەون، بۆ فەزا، بۆ ئەزموون. حەز دەکەم هەموو شاعیرێك بۆچوونی خۆی لەبارەی شیعرەوە هەبێت، ئاگای لە تیۆری شیعر بێت، ناڵێم ببێت بە یاسا و نەگۆڕێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە پێش ئەوەی دەق بەرهەم بهێنێ لە دنیای شیعر گەیشتبێت. بەداخەوە زۆر شاعیری کورد ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە. پێم وایە دنیای

شـــيعر بـــه بەیاننامـــەی شـــیعری ســـنووردار ناکرێـــت. (ڕوانگـــە)ی لای خۆمـــان نـــەیتوانیوە بـــەپێی ویســـت و خەســـڵەتی گشـــتیی خـــۆی ســـنوور بـــۆ داهێنـــانی: **(شـــێرکۆ بێکـــەس)** دابنێـــت، شـــێرکۆش خـــۆی پابەنـــدی ئـــەو هێڵـــە گشـــتییانە نەکردووە.

ڕاست دەکەی دەڵێیـت: (زۆرێـك لـە شـیعری ئیمڕۆمـان لەسـەر سیسـتەمی تـاك دەنگـی منـی شـاعیر وەك ڕەگـەزێکی کارپێکـەر بـەڕێوە دەچـێت، ئـەم شـێوازەش وەك هونەر هەرچی پێ بوو بەخشی).

لەگەڵتـدام، بـەڵام مـن نـاڵێم زۆرێـك، بـەڵکو زۆربـەی هـەرە زۆری شـیعرمان وەهایە. گرفتەکانی مرۆڤی ئـەمڕۆ ئەوەنـدە گـەورە و فـرە لایـەنن، کـە نـاکرێ تاکـە دەنگێك دەرەقـەتیان بێـت. لەگـەڵ ئەمەشـدا گرفتەکـە لەوەدایـە لیریکاییـەتی تـازە چەشـن و جـۆرێکی تـرە، بەیـەکجاری لـە بنـەما و ڕەگ و ڕیشـەی خـۆی دانـەبڕاوە، ئەمڕۆ لیریکاییـەت بـەجۆرێکی تـر کـاری پێـدەکرێ. بەداخـەوە لەمـە بـێ ئاگـاین، بۆیە هەمیشـە دەڵـێین: کلۆڵیمـان لەوەدایـە کـە ئاگامـان لـە پەرەسـەندنی تیـۆری و کەرەستەی ئەدەب نییە.

لە یادمە لە هەشـتاکاندا هـەوڵێك بـۆ ئـەوە دەدرا خۆمـان لـە زەینییـەت و فـرە دەنگـی نزیـك بکەینـەوە، ئێسـتا خـەریکم لـە (مـن، مـن) بێـزار دەبم، چـونکە لـە هـەزاران دەقـدا منێکـی شـیعریی تایبـەتی نادۆزمـەوە. (مـن) ئێجگـار فرەیـە و خود بزرە.

دوو شاعیری ئێرانی هـەن تەمـەن و ئـەزموونی درێـژیان هەیـە. شـیعری هەشـتا و نـەوەدەکانی سـەدەی ڕابردوویـانم لایـە، دوو سـێ دیـوانم لایـە. شـیعری ئـەو کاتەیان بۆچـوونێکی قـووڵ و جوانـە، بەتایبـەتی یـەکێکیان کـە لـە دوا دیوانـدا بـە ئاشکرا دەڵێ: ئیتر کـار و پێوەنـدیم بـە (نیمـا)وە نـەماوە. مـن ئـیتر لـە نیمـا دوور دەکەومـەوە، ئەمـەش پـاش چـل، پـەنجا سـاڵ نووسـین لەسـەر نیمـا و ڕێکـردن لـە

سێبەریدا. یەکێکی تریشیان پاش ئەو هەموو بەها ئێستێتیکییە، تازە دێت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: من ئیتر شاعیری دەستەبژێر نیم.

چی وا دەکات ئەم وەرچەرخانە ڕوو بدات، دیدی شاعیرێکی ڕەخنەگر وەهای لێ بێت بەناوی دەستەبژێر و نادەستەبژێرەوە لە بوونی شیعری کەم کاتەوە. بڵێی تەمەن بێت: بشێت جیهانیبوون کاری خراپی خۆی لەم بوارەدا نەکردبێت، جا دەبێ دژە دەستەبژێری بگاتە ڕادەی کەمکردنەوە لە بەهای پێکهاتەی شیعری، یان بە ناوی دژە دەستەبژێرییەوە کار بگەیەندرێتە سەر قسەی رووت و گوتاری ڕاستەوخۆی سواو.

من هەندێك داخراویم پێ خۆشترە لەو گوتارە ڕاستەوخۆ و ڕووشاوانە. شیعر لە دڵەوە بۆ دڵە، ئەمە وتەی ئەدیبێکی گەورەیە، باشە گریمان لاریمان لەم قسەیە نەبوو، بەڵام دەبێ لەم حاڵەتەدا دڵەکان لە یەکتر نەچن، دڵە شیعرییەکان جیاواز بن. ڕەنگ و بۆی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەم قسەیە کۆتایی و دوا قسە و بۆچوون نییە لەبارەی شیعر.

ئەمڕۆ ئەوەندەی شیعری لێکچوو دەخرێتە ڕوو هەست بە خودێکی شیعری جیاواز ناکەیت، چەندبارەکردنەوەی عیشق و خۆشەویستی و سووتان خەریکە عیشقیشمان لە بەرچاو دەخات. لام وایە ئەو شاعیرانەی، کە ئەو وشانە لە دەقەکانیاندا چەندبارە دەکەنەوە، وا بزانن شیعری بەتام و بۆ و ناسك ئەوەیە باسی عیشق بکات و ئەم وشەیە هاوەڵە نزیکەکانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، هێشتا ڕانەهاتووین بەوەی وشەی زەلکاو بە شیرینی و جوانی ببینین، چونکە وا دەزانین لە دەقی ئەدەبیدا و لە ڕێگای کارلێکی لەگەڵ وشە و پەیوەندیی پاش و پێشی خۆیدا هەمان مەدلوولی ناشیرینی دەبێت، یان سڵ لە بەرکاهێنانی وشەی شەڕ دەکەینەوە، چونکە پێمان وایە لە دەقی شیعریدا هەمان مەدلوولی دەرەوەی دەقی دەبێت.

هەر ئـاوایش سـەیری وشـەی عیشـق دەكـەین، كـە وا دەزانـین دووبارەكردنـەوە لـە دەقـدا شـیرینی شـیعری دەبارێنـێ. جیـاوازی، جیـاوازی، جیـاوازی. جیـاوازی لـە دیـد و بۆچـوون و جیهـانبینی و خـەون و شـێوازدا، ئـەگینا هـەموومان وەك تاكـە كۆمپانیایـەكمان لـێ دێ، كـە تاكـە بەرهـەمێكی هەیـە و تاكـە مۆركێكیشیان لێ دەدات. مەبەستیشـم لـە جیـاوازیی دابـڕان نییـە لـە دەقـی تـر و كەسی تر و زەمەنی تـر. دابـڕان جیایـە لـە جیـاوازی، دەكـرێ جیـاواز بـین، لـە یـەك دانـەبڕێین. دەق نییـە لـە دەقـی تـر دابـڕاو بێـت، هـەموو دەقـەكان پەیوەنـدییان لەگـەڵ یەكتریـدا هەیـە، پەیوەندییـەكان دیـار بـن، یـان نادیـار، بـە ویست بن، یان بـێ ویسـت، وەك (ڕۆلاّن بـارت) دەڵـێ: دەق نییـە سـەربەخۆ بێـت. بیرمـە لـە ژمـارە (٣)ی گۆڤـاری ئێسـتا، لـە شـوباتی١٩٩٧دا لێكۆڵینەوەیـەكم، بـە ناونیشـانی: (دەقئـاوێزان و نوێگـەرێتی ئـەدەبیمان) لـەبارەی دەقئاوێزانـەوە نووسـیبوو، چـیرۆكنووس و ڕۆماننووسـی دیـار و بـەتوانای میللەتەكـەمان، مامۆسـتا: **(حوسـێن عـارف)** پێـی وتم: دەزانـی بـەم نووسـینە ئـاوێكی خراپـت ڕشـتووە، ئـیتر هـەر كەسـێ هەڵدەسـتێت بـەبیانووی دەقئاوێزانییـەوە دزییـەكانی خۆی دەشارێتەوە. پـێم وایـە ئـەو چـیرۆكنووس و ڕۆماننووسـە بـەڕێزەمان زۆر لـە بابەتەكـە نەگەیشـتبوو. ناهەقیشـی نـەبوو، چـونكە ئـەو كاتـە وەك ئێسـتا سەرچاوەی وەها لەبارەی دەقئاوێزانییەوە نەبوو.

دێمە سـەر مەبەسـتەكەم و دەڵـێم: دەتـوانین و بۆمـان هەیـە دەقێكـی: (تراكـل) بنووسـینەوە، یـان دەقێكـی: (ریلكـە)، بەمـەرجێك ببێـت بـە دەقێكـی خۆمـان و خود و كەسایەتیی ئێمـەی تێـدا بێـت، نـەك ئـەو دوو خـود و كەسـایەتییە. دەكـرێ بـە مەبەسـتی پێكهـاتنی دەق، (ڕامبـۆ) بنووسمـەوە، بـەڵام خـۆم لـە نووسـینەكەدا هەبم نەك ڕامبۆ.

بزربوونی جیـاوازی، یـان سـەرنەكەوتن لـە پێكهێنـانی هێڵـی جیـاوازدا لـەنێوان

خـود و دەقەکانـدا گـەورەترین کێشـەیە ڕووبـەڕووی شـیعری ئـەمڕۆمان دەبێتـەوە، گـەورەترین کێشـەش کـە گرفتـی وەرگـرتن و خوێندنـەوە دەورووژێنێـت، دیـوار لـە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات.

خۆزگـە دەهـاتین و لـە کـاتی نووسـینی هـەموو دەقێکـدا بیرمـان لـە جیـاوازی دەکردەوە، ئەو تاسە و ئـارەزووەی کـە بـۆ نووسـین هەمانـە دەمانوەسـتاند تـا ڕێگـا نەدەین بەبێ هیچ هۆکار و ئامرازێکی هونەری لە خۆمان و کەسانی تر بچین.

بـە پەلـە شـتەکان هەڵدەڕێـژین. ئەمـە خـەڵوەت و ڕۆژووی دەوێ، بۆیـە زیـاتر کەسە داهێنەرەکان لەم کات و بوارانەدا خۆیان ڕادەگرن.

بەپێویسـتی دەزانم بـۆ بـەدیهێنانی جیـاوازی بگـەڕێین، خۆمـان بکـەین بـە کـون و قـوژبنی دنیـادا، بـە ڕابـردوودا، بـە ئەفسـانەدا، بـە ئـایین و شارسـتانییەت و مێژووی ئەدەبیدا. شتی جیاواز و شاراوە لەو ناوچە ڕۆشنبیرییانەدا بدۆزینەوە.

ئەمسـاڵ خۆشـحاڵ بـووم بـەوەی سـێ ئـەزموونی تایبـەتم خوێنـدەوە. ئـەو سـێ شـاعیرە ئـەو سـێ ئەزموونـەیان لـە خـود و کەسـایەتیی شـیعری پـێش خۆیـان پێکهێنـاوە، بـەڵام جیاوازییەکـەیان لـەوەدا دەبینمـەوە کاتێـك دەیانخوێنیتـەوە، هەم لەیەکتری جیاوازن، هەم لەخود و سەرچاوەش کە ئەمانیان لێ داهێنراوە.

یـەکێك لەوانـە، شـاعیری ئێرانـی: (سـەید عـەلی سـاڵحی)یە. گەڕاوەتـەوە بـۆ سـەدە کۆنـەکان، چـووەتەوە لای: (ئـەبو نـواس). دووەمیـان کچـە شـاعیرێکی عێراقییـە، چـووەتەوە بـۆ سـەردەمی سـۆمەرییەکان و خوداوەنـدی ئـافرەت و لەوێوە دێتە سەر سەدەی بیست و کێشەی ئافرەت.

من چـێژم لـە کۆمەڵـە شـیعری: (حەج)ەکـەی **دڵشـاد عەبـدوڵڵا** بینـی. ئـەویش چـووەتەوە سـەر ئـەزموون و ژیـانی چـەند شـاعیرێك و لـەو خـود و کەسـایەتییانەوە دەقی جیاوازی پێکهێناوە.

لە ئەزموونی تۆدا کۆمـەڵێك دەقـی دیـار و نایـاب هـەن جـودان لـە پێکهاتـە و

بنیاددا. زۆر نووسینیش هەن بێ بنیادن، زۆرن نەك كەم، شتێك نییە كۆیان كاتەوە. چوارچێوەیەكی هونەری نییە لە خۆیان بگرێ، دەتوانم بڵێم: ئەم دەقانە ڕووبەرێكی زۆری لە شیعری كوردی داگیركردووە.

(ڕێزمانی كۆڵانەكان) لە نموونە جوانەكانە، بنیادێكی تۆكمەی هەیە، دابەشكردنی ناونیشان بەسەر چەند بەشێكدا بەناوی: كۆڵانەكانی زەوی، كۆڵانەكانی ئاسمان، كۆڵانەكانی ئاو، ئیقاعێكی لێكچوو لە هەمان كاتدا جیاوازی خوڵقاندووە، یان دەقی (خەونی خودایی) كە دابەشكراوە بەسەر چەند بڕگەیەكدا هەریەكە بەناوی: خەونی سروشت، خەونی زیندووان، خەونی مردووان، پاشان دووبارەبوونەوەی خەونەكان.

نموونەی تریش لە كۆمەڵە شیعری: (شەڕی چل ساڵە)دا بەدی دەكرێن، وەك: (قۆناغەكان) كە هەریەكەیان: منداڵی، هەرزەكاری، گەنجی، جوامێری، پیری، كەنەفتی، ناونیشانێكی لە خوارەوە بۆ دانراوە، وەك تابلۆ بۆ منداڵی، سزا بۆ هەرزەكاری، توانا بۆ گەنجی، جێكردنەوە بۆ جوامێری، هێلكە بۆ پیری، كە ڕەنگە هەندێكیان دەلالەتی جیاواز ببەخشن، وەك: كەنەفتی كە جووڵەی بۆ دانراوە، ڕەنگە بەقەد دووریی جووڵە لە كەنەفتییەوە دەلالەتی جیاواز هەڵڕێژرابێت، یان دەقی: (نوێژەكان) و دانانی دوو ناونیشان بۆ هەریەكەیان: بەیانی لە خوارێوە (ڕاكردن)، نیوەڕۆ لەخوارێوە (ترس)، عەسر لە خوارێوە (تێبینی)، ئێوارە لە خوارێوە (گوڵاو)، شەو لە خوارێوە (ناسینەوە)، یان لە دەقی: (پێكهاتن)دا كە پەنا براوەتە بەر هەمان دووانەی ناونیشان بۆ نموونە: (با) ناونیشانێكی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەربەندی گۆم)ەوە، یان (ئاو) ناونیشانێكی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەركەوتن)ەوە، بەگشتی ڕەخنەگر دەتوانێت بەوردی لەسەر ئەم ناونیشانە بوەستێ. بەتایبەتی لە: (شەڕی چل ساڵە) و چەندین دەقی ترتدا، هەم لەسەر بنیاد و هەم لەسەر دەلالەتی

ناونیشـــانەکان کـــە بـــۆ خۆیـــان داهێنـــانن و مـــن ناونیشـــانی دووانـــەیی وەهـــام لـــە شیعری کوردیدا بەدی نەکردووە.

ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەی ئـەم سـاڵت: (سـەد و یەکشـەوە)، یەکسـەر خـەیاڵ بـۆ حیکایەتەکانی هەزار و یەکشـەوە دەبـات، واتـە خـەیاڵ وەگـەڕ دەخـەن بـۆ پانتـاییی گێڕانـەوەی هـەزار و یەکشـەوە. تـەنیا وەبیرهێنانـە و بـەس، لـە خۆیانـدا هۆکـار و ئامرازی وەگەڕخسـتنی ڕەگـەزەکانی هـەزار و یەکشـەوە بـەکار نابـەن. دەتـوانم بڵـێم ناونیشـــانێکی هەڵخەڵەتێنـــەرە، هەڵخەڵەتێنـــەر بـــەمانای داهێنـــانی هونـــەری. خوێنـــەر بـــە بینینـــی وا هەســـت دەکـــات دەروازەیەکـــە و لێیـــەوە دەچـــێتە نـــاو هونەرێکی تر و مێژوویـەکی تـر و سـەدەیەکی تـرەوە، تـا بـۆن و بەرامـەی هونـەری گێڕانـــەوە بکـــات، بـــەڵام دەچـــێتە نـــاو ئـــەزموونێکی شـــیعرییەوە. هـــەر شـــیعرە و ناونیشـــانێکی هەیـــە، وەك ئـــەوەی هـــەر شـــیعرەی وەك حیکایەتـــەکانی هـــەزار و یەکشەوە لە کاتێکدا بخوێنێتـەوە، لـە شـەوێکدا نـا، بـەڵکو لـە ماوەیـەکی کورتـدا، کـــە دەقەکـــە دەریـــدەخات. مـــەرج نییـــە لـــەم دەقـــە بچـــووکانەدا گێڕانـــەوە لـــە گێڕانـــەوەی هونـــەری حیکایـــەت و چـــیرۆك بچـــێت، ڕاســـتە گێڕانـــەوەی نـــاو شـــیعر سەرچـــاوەی لـــە پەخشـــان وەرگرتـــووە، بـــەڵام ئـــەرکێکی چـــیرۆکئامێزی نییـــە، ئامـــانجێکی زەمـــەنیی نییـــە تـــا لـــە ســـەرەتاوە دەســـت پێبکـــات و بـــەرەو کۆتـــایی بکەوێتە ڕێ.

هیوادارم ڕۆژێـك بـۆم بلـوێ لەسـەر ناونیشـانی دەقـەکانت بوەسـتم تـا بـزانین چ دەلالـەتێکی سـیمۆلۆژییانەیان هەیـە. تـا ئـەو کاتـە بـە ئامـادەبوونی دنیایـەکی شیعریی ترت دەسپێرم.

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**٢٠/١٠/٢٠٠٨ سلێمانی**

## ٩

برام کاکە سەباح ڕەنجدەر: سڵاوێکی برایانەت لێ بێت و هیوای ئاسوودەیی و خۆشیت بۆ دەخوازم. سڵاو لە هەموو کوردستان.

بـرام وا: ( زەنگـی سـەعاتی بیسـت و پێنجـەمی تەمـەنم، یـان گـەڕەکی شـاعیرەکان)م بـۆت نـارد، خـۆمیش بـە یـەکێك لـە نووسـینە باشـەکانمی دەزانم و بەلامەوە زۆر ئاسـاییە، ئەگـەر جـارێکی تـریش بـڵاو بکرێتـەوە. لای خۆمـەوە زۆر زۆر سوپاسی هەستی بەتەنگەوەهاتنی تـۆ و هـەموو ئەوانـە دەکـەم، کـە منیـان لـە یـادە و بەرهەمـە ئەدەبییـەکانم بەسـەر دەکەنـەوە. هیـوای تەمـەن درێـژیت بـۆ دەخوازم و ڕێز و سڵاوم هەیـە بـۆ بـرادەران. سوپاسیشـت دەکـەم بـۆ ئـەو نووسـینەی لـەبارەی شـیعرەکانی منـەوە نووسـیوتە، ئەگەرچـی ئـەزموونی مـن کـەم بەسەرکراوەتەوە، بـەڵام ئـەوەی تـاکو ئێسـتا نووسـراوە، ئـەوەی بـەڕێزت جـوانترین و قـووڵترین نووسـینیانە لـەبارەی ئـەزموونی شـیعریی منـەوە نووسـرابێت. بـە تـەمام دیوانەکـەم چـاپ بکەمـەوە. ئـەم نووسـینەی بـەڕێزت وەك پێشـەکی، یـان پاشـبەند لەگەڵیدا بـڵاو دەکەمـەوە. بـەهیوای زیـاتر ئـاوڕ لـە شـیعری جـوان بدەیتـەوە و لـە نووسینی شیعری جوانیش بەردەوام بیت.

**سەلام محەمەد**

**٢٠٠٩/٥/٢١ سوێد**

## ١٠

برای بەڕێزم کاکـە سـەباح ڕەنجـدەر: دوای سـڵاوی گـەرم چـاوەکانت مـاچ دەکـەم و بە ئومێدم هەمیشە بەختەوەر و ئاسوودە بیت.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نامەیـەکی خنجیلانـەی تـۆم پـێ گەیشـت، کـە پڕاوپـڕ بـوو لـە خـەیاڵی جـوان. بـێ ئەنـدازە خۆشـحاڵت کـردم، نامـە و وشـە جوانـەکانت تـا ئاسـتێکی باش لە خـەم و تەنیاییـیەکانمی کـەم کـردەوە لـەم بارەیـەوە بـێ پـەروا سوپاسـگوزاری تـۆم. براکـەم، بـەم نامەیـەت منـت گەڕانـدەوە نـاو ئـامێزی خەیاڵـە جوانـەکانی نـاو دەقـی: (کۆڵانـەکانی ڕۆژهـەڵات)ت و دەقـەکانی تـری نـاو: (ڕووەکـەکانی خوداوەنـد)، کـە مـن دەمێکـە لـەناو جوانییـەکانی ئـەم دەقانـەی تـۆدا ماومەتـەوە و دڵ و ڕۆحـم پێیـان ئـارام بووە. حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵـێم: زۆر جـاران هـەر لـە نـاو ئـەم کۆڵانانـەوە، لـە شـیعر و لە جوانی و لە قووڵاییەکانی داهێنان دەڕوانم.

بـــرای ئـــازیز: مـــن سەرســـامم بـــە دەقـــە شـــیعرییەکان و بـــە نووســـین و تێڕوانینەکانت بۆ شیعر. لە نزیکەوە و بە بەردەوامی دەتخوێنمەوە.

لە کۆتـایی دووبـارە ئومێـدی ئاسـوودەیی و خۆشـبەختیت بـۆ دەخـوازم، لەگـەڵ دەریایەك ڕێز و خۆشەویسـتیم، بـە هیـوام قەڵەمەکـەت هـەر بـە بڕشـت و باخچـەی داهێنانەکانیشت هەمیشە هەر سەوزتر بن. سەرکەوتوو بیت.

**ناڵە حەسەن**

**٢٠٠٩/٧/٢٢ کەنەدا**

## ١١

بارانێـك سـلاّو كاكـه سـەباح ڕەنجـدەری بـرا و هـاوڕێم: سوپاسـی میهرەبانیـت دەكـەم. زۆرم پـێ خۆشـه یادێـك لـه مامۆسـتا: **(جـەمال شـارباژێڕی)** ئەكەنـەوە و ژمارەیـەكی تایبـەتی: (ڕۆڤـار)ی لـەبارەوە ئامـادە ئەكـەیت. ئەڵبـەت مایـەی نیگەرانیمه ئـەو نامـه كراوەیـەی، كـه باسـت كـردووە و كـاتی خـۆی بـۆ ئـەو زاتـه میهرەبانـەم نووسـیوە، لـەكاتی ئێسـتادا لام نـەماوە. بـۆ خـۆت دەزانیـت مـاڵی مـەمانان هەمیشـه پێخـۆری كـۆچ و ڕەو و دواجـاریش سـەرهەڵگرتن بـووە، بۆیـه ئەو شـتانه بـه زەحمـەت دەپـارێزرێن. تاكـه ڕێگـای بـه مەبەسـت گەیشـتن ئەوەیـه، ئەگـەر بۆتـان بلوێـت، ژمارەكـانی هەفتەنامـەی ئـەو سـەردەمەی: (هاوكـاری) بگـەڕێن، بەتایبـەتی هـی سـەروەختی بلاّوكردنـەوەی كۆمەڵـه شـیعری: (لـه ئەلبوومی یادگـارا)، پـێم وابێـت لـه كتێبخانـەی گشـتیی سلێمانی ئـەو ژمارانـەی هاوكـاری چـنگ دەكـەون. منـیش زۆرم پـێ خـۆش دەبێـت، ئەگـەر جـارێكی تـر بلاّوی بكەنەوە.

سەباح گیـان: ئەگـەر دەكرێـت پـێم خۆشـه ئیمـەیل و ئـەدرەس و ژمـارەی تەلـەفۆنی خۆتم بۆ ڕەوان بكەیت. چاوت ماچ دەكەم، ڕێزم بۆ خێزان و منداڵان هەیه.

**جەمال غەمبار**

**٢٠١٠/٩/٦ ئوستراليا**

## ١٢

کاکە سەباح ڕەنجدەر ئەم کاتەت باش: لە هەندێ دیوان و کۆمەڵە شیعردا پێشەکی، یان وتەیەك لە پێشەوەی شیعرەکان، یان بەرهەمەکە دەنووسرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ گرێکوێرە، یان لە خۆدوان، یان هەرچەند دێڕێکی عادەتین و بوونەتە نەریتی دیوان، هەندێ جاریش هەشبن، خوێنەر لە ڕوانگەی بەهای شیعرەکانەوە پێشەکی فەرامۆش دەکات، بەلاّم ئەم پێشەکییەی (زێوان) لەوانی تر جیاوازە. نەك لە دیوانی کەسانی تر، کە کەم کەس و دەگمەن پێشەکی دەنووسرێت، بەڵکو لە پێشەکی دیوانەکانی تریشت جیاوازە، چونکە کە ناونیشانەکەت بەپێش چاواندا ڕەت دەبێت، (لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا) ئەوا هەستت دنەت دەدات و ختووکەی وات بە دڵدا دێت، کە لەبەردەم بیرەوەری و سەربردەی ئەم شیعرانەی و بەس، یان تەشبیهی ئەوە نەبێت هەر دەڵێی: (هۆی دابەزین - سبب نزول)ی دەقەکەیە، بەلاّم ئەم دە دوازدە لاپەڕەیە ئەوەندەی گەوهەری ڕوئیا و تێڕوانینی شاعیر و زمانی شیعرییەتی سەر پەخشانی بەسەردا زاڵە. ئەوەندە زمانی ئاسایی بیرەوەری و سەربردەی شیعر نییە، یان دەتوانم بڵێم تۆ ناتوانیت، یان حەزت بە چەهرەی ئەوە نابێت، کە سەربردەیەکیش بە زمانی ئاسایی بگێڕیتەوە. ڕاستییەکەی هەر دەبێت واش بێت. ئاخر ئەگەر چەند لاپەڕەیەکی ئەدەبی بە زمان و داڕشتن

و هونەرکارییەکەی لە قسەیەکی ئاسایی، یان وتارێکی ڕۆژنامە جیا نەکرێتەوە. ئەوا دەبێتە چێشتی مجێورێك بۆ خۆی و ئەدەبییەت و شیعرییەتی قەڵەم و شاعیریش لەو نێوانەدا بزر دەبن.

شیعری بێگەرد سانسۆری لەسەر نییە، کە دەڵێم: سانسۆر، مەبەستم ئەوەیە تەنیا هەندێك وشە تاپۆ نەکراون بۆ شیعر، بەڵکو هەموو وشەیەك دەبێتە کەرەستەی شیعری بێگەرد (دەستاڕ، لغاو، گوفەك، ڕنۆك، جغارە، ئادەم، بالیف، لێفە، دۆشەك، خاڵخاڵۆکە، لانك، گۆپاڵ، نینۆك، جەردە، سۆبە، پژدێن، قەرەج، زبڵ، چەتە، پێڵاو، لەمەچێتر ..... تاد، خودی زێوان ..... تاد،) ئەمانە بە کەسێك بڵێ بۆم لە ڕستەدا بەکاربێنە، چۆنی بەکار دێنێت:

- دەستاڕ گەنم دەهاڕێ.
- گوفەك جێگای زبڵ و زارە.
- زێوان؟ زێوان هەر زێوانە.

بەڵێ: شیعری بێگەرد کەرەستەی بێگەردی دەوێت، کەرەستەیەك وەك شیعر پاکیزەبێت، بەڵام شاعیر پاکیزەتری دەکات، بەهۆی زمانێکی پاکیزەوە، بەهۆی دەروونێکی ڕاست و بێ خەوش. بەهۆی چاوێك، چاوی دڵ، کە هەموو کەرەستەکان ببینێت. بینینێك، کە بە تەفسیری خۆیەوە و جیا لە ڕستە و ئاخاوتنی خەڵکان. بە زمانێك قسە بکات، ئەو کەرەستە بێگەردانە وەك لەرینەوەی گوڵ و گەڵایەك و سەر بادانی درەختێك و سەر دەبەرخۆنانی شەنگەبییەك نیشانەی ڕەزامەندی بنوێنن و لەگەڵی سەما بکەن.

هەموو ئەم بێگەردی و پاکیزەیی کەرەستەکان بەلایەك و (دایکێکی پاکیزە)ش وەك خۆت گوتووتە بەلایەك، کەرەستە زڕە ناپاکیزەکان مەگەر بە زمانێکی تەواو پاکیزە، دەنا لەوێش (کەڕك) دەبن، هەنجیری زڕت دیوە،

هـەنجیری لیّ ناکـەویّت و دەبێتـە تەوسـکەیەکی تفـت و بـیّ کـەڵك هـەر سروشـتەکە وایـە، کـابرا گوتبـووی خودایـە لـە (والـتين والزيتـون) دا، سـوێندت بـە هـەنجیر خـواردووە زۆر باشـە، بـەڵام خـۆ زەیتـوون تـاڵ و زەقنەبووتـە بـۆ؟ ئـاخر پـاکیزەیی زەیتوون لە تاڵییەکەیدایـە. تـاڵیی زەیتوونەکـە لـە تەوسـکەیەك، یـان زرِ هـەنجیرێك شـیعرییەتی زیـاترە لـە زرِ سماقێـك، کـە پێـی دەڵـێن سمـاقی کـەرك، دەمارەکـانی پـاکیزەیی تێـدا نییـە و لەبـەردەم پـاك و بێگـەردیی گـەردوون و سروشـتدا خـۆی ناگرێـت و دەوەرێـت، هـەروەها بـەو شـێوەیە زرِ گوێزێـك و زرِ شـیعرێك و زرِ شاعیرێکیش ..... تاد.

قسـەکردن و لێـدوان لـە سـەربردەی دەقێـك پـاش بیسـت سـاڵ، زۆر جیـاوازە لەگەڵ ئـەوەی ئەوسـا لـە گەرمـە گەرمـەی لـەدایکبوونی دەقەکـەدا شـتی لـەبارەوە بنووسرایە، ئەمە مانای ئـەوە نییـە لـە هەفتـە و چـلەی لەدایکبوونەکـە، کـە ژانـی لەدایکبوونەکـە بـاس بکرێـت، پـرِ لـە ئێسـتێتیکیترە. نـەخێر. هـەتا کـۆنتر بێـت پەی بە هەندێك ئـەزموونی ئەوسـا دەبردرێـت و شـتە پـەنهان و شـاراوەکان کەشـفتر دەبن، بۆیە خۆگرخانـدن لـە لـەخۆدوان دەتخاتـە بارێـك، کـە ئـەو مێـژووە لـە چـەند گوشینێکی دڵدا ئاوی دڵی تێدا برِسکێت.

کاریگەربوون بە یـەکێك لـە رِێبـاز و قوتابخانـە ئەدەبییـەکان، دەبێتـە رِێگـر بـۆ بێگـەردبوونی دەق، بێگـەردبوونی دەق لـە پـیس نـەبوون و خەوشـدار نەبوونیـەتی لەبەردەم رِەشەبای پیرێتیـی جیهـان، چ جـای خـەوش و زبـڵ و خاشـاکی رِێبازەکـانی تـر دەبێـت چ دەردێـك بـە بـاڵای بێگەردبوونـدا بکـات. دواجـار شـیعرییەتیش لـە هەناوی ئەم بێگەردبوونەدا دێتە دەرەوە.

گەرِانـەوە بـۆ کـرۆك و نـاوکی منـداڵی، (بـە تاسـە و سـۆزێکی تایبـەت). ئـەم تاسە و سۆزە تایبەتـە، سـەردەم و تـافی تەمـەنی شـاعیر دەیسـازێنێت. رِەنگـە زۆر کەس پێی وابێت تا مرۆڤ پیرتر بێـت، سـۆزی بـۆ منـداڵی زیـاتر دەجووڵێـت و بـیری

ئەوسا دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە من پێموایە قادرمە و پەیژەی تەمەنەکە لێرەدا گرینگە، بەو واتایەی دوای قۆناخی منداڵی، قادرمە و پێپیلکەی دووەم گەنجێتییە، دژواری و ناخۆشی پەیژەی دووەم ناتخاتە سەر پەیژەی سێیەم، ئەوەندە پەلەیەتی بتگەڕێنێتەوە دواوە. کە سەردەمی منداڵییە، ئەم سۆزە تایبەتە لەو ڕەشبینییە بە تەوژمە دێت، کە ئیدی کرۆك و هەناوی یاخیبوون و ڕەشبینییەکان لەناو گەنجێتیدا دەچۆڕێنەوە ناو سەردەمی پڕ بەرائەتی منداڵی، لە گەنجێتی یاخیبوون لە کەرەستە بێگەردە سادە و ساکارەکانەوە، بۆ پاکیزەیی منداڵبوون، لە هەژموونی ترس و ئازایەتیی گەنج بوونەوە بۆ زمانی بێگەرد و بینینی دونیای منداڵی.

وابزانم لە شوێنێکدا خۆت گوتبووت: شیعرییەت لە زمانی منداڵیدا دەڕسکێت، ئەم ڕسکانە لە پاکیزەیی و بێگەردییەکەدایە، بەڵام ئاگاداربین شیعرییەتی نووسینی دەق، نەوەك شیعرییەتی درککردنی دەق و کەشفکردنی نهێنییەکانی دەق، ڕاستە شیعرییەتی نووسینی دەقەکە لە گەڕانەوەی زاکیرەی منداڵیدایە، بەڵام ئاهەنگی بیست ساڵەی زێوان، نە لە ساتی نووسینی دەقە و نە لە ساتی ورووژاندنی خڕیلەی منداڵییە. دەزانی کەشفکردنی نهێنییەکانی ژیان و نهێنییەکانی شیعرییەتی دەوروبەر و شیعرییەتی گەردوون تەمەنی دوای چل ساڵی گەرەکە. چل ساڵ سەرکێشی و (شەڕی چل ساڵە) و چل ساڵ شەڕ و چل ساڵ گەڕان بەدوای شیعرییەتدا. ئاخر ئەگەر (بەدر شاکر ئەلسەیاب و فلان و فیسار) لە پێش چل ساڵییەوە ئەسپی دەق چالاك و خۆشڕۆ بکەن. ئەوا دۆزینەوەی کلیلەکانی چ لای وەرگر و هەندێ جار لای خودی شاعیریش، ئەزموونێکی دەوێت، ئەزموونێك، کە لە خولی ڕەوحانیەتی ژیاندا دەرچوویێت، شتەکان وەك خۆی بە چاوی سەر و دڵ ببینێت، ئەری خۆ حیکمەت و داناییەك دەبێت هەر هەبێت، کە پێغەمبەر (د.خ) لە چل ساڵیدا

نهێنییەکانی ئاسمـانی بـۆ دێ. ئەگـەر تەشـبیهـ نـەبێت بـەو حاڵەتـەوە، لـە دەق دوان و ڕەخنــەگرتن و چــوونە نــاو کەلێنــەکانی دەق دەبێــت لــە چــل ســاڵ ئــەزموونی ژیانــەوە دەســت پــێ بکــات. ســرووش (وەحــی) چــەند پاکیزەیــە، خــۆی بــە خــوار تەمــەنی چــلەوە خەوشــدار و تلــێخ ناکــات، وەی کــە چــەند جیــاوازە خــەملێنی شــیعرییەتی درککــردن لــە پــێش و پــاش ئــەم شــەڕ و سەرکێشــییە. لەبــەر ئــەوە تایبەتمەندیی ئـەم پێشـەکییە لەوەدایـە دەقـی سـەردەمی خـۆی و زاکـیرەی گـەنجی و منــداڵی و بیرکردنــەوە و لــەخۆ دوانــی ســەردەمی خــەملێن و ڕســکانی تێــدا بەرجەستەیە.

کەشــفکردنی ئێســتێتیکای دەق و شــیعرییەتی مەبەســتەکانی شــاعیر، وەزیفــەی هــەرە ســەرەکیی ڕەخنەگرانــە، هەســتکردن بــەو ئێســتێتیکایەش بــۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە، بـەڵام لـەو جـۆرە پێشـەکییانە دەبێـت بـاجی ئـەوە بـدەی، کـە تۆ هەندێك جار ڕۆڵـی ڕەخنـەگرێك و هەنـدێك جـاریش ڕۆڵـی خوێنـەرێك دەبینیـت، کە کەشفی شیعرییەت و هەسـتە ئێسـتێتیکییەکە دەکـەی. لـەو بـارەدا، کـە خـۆت باسـی زاکـیرەی منـداڵی و گەڕانـەوە بـەرەو بەرائـەت و پـاکیزەیی منـداڵی دەکـەی، ئاگــات لــێ نییــە دەبییــە خوێنــەرێکی شــارەزا و تایبــەتی دەقــەکانی خــۆت و کۆدەکــان ئاشــکرا دەکــەی، بەمــەش لــەجیاتی ئــەوەی خوێنــەری شــارەزا نــەك ڕەخنەگر و خوێنەری گوێ بە تۆز کەشفی ئەمە بکەن کە:

تــۆ دەچــیتەوە (گونــدی گەنجینــەی منــداڵی) و لــەوێ (بــارانی خــودایی) گونــدی گەنجینــەی منداڵیتــە و تــۆ و پەپوولــە و تــۆ و پەڕەســێلکە و تــۆ و (قەلــە گۆرانیبێژەکانی گونـدی گەنجینـەی منـداڵی) و (تەختـەڕەش یەکـەمین پـۆلی گونـدی گەنجینـەی منـداڵی) تـۆ و کۆلارەکـەت و تـۆ و هـەموو شـتە سـەیر و سـەمەرەکانی منداڵی.

تــۆ بــە هەنــدێك دێــری ئــەم پێشــەکییە بــواری بیرکردنــەوەی وەرگــری نەشــارەزا

کـەم دەکەیـەوە و ڕێ بـە هەنـدێك خوێنـەر و ڕەخنـەگری نـا شـارەزا دەدەی، کـە شتەکانی تۆ دووبارە بکەنەوە و لە زمانی خۆت لە تۆ بگەن.

هـەر ئەمـە دواجـار بـۆ ڕەخنـەی کـوردی بۆتـە تەگەرەیـەك و بـۆ هەنـدێك ماسـتەرنامەنووس و دکتۆرانامـەنووس بووەتـە هـەنگوینی داری، کـە شـاعیر کۆدەکـانی وێنـەی شـیعری و هونـەرکاری و وەسـتاکاری و نهێنییـەکانی نـاو دەقـی بـۆ ئاشـکرا دەکـات، ئـەویش سـەرلەبەری دەجوێتـەوە، ئەمەشـی لـە ناچـاری و پێویسـتییە، دەنـا دەرگـا بـەڕووی دەقـدا ناکاتـەوە، ئەمـە لـە ڕووی ئەکادیمییەکـە. لـە ڕووی ڕەخنەگرییـە بـێ گوتـارە نـاخ چـەپەڵەکەش وەك خـۆت گوتـەنی، لـە تێنەگەیشـتن و ئیرەیـی بردنیـەتی، تـۆ ئەوسـا پێـی نیگـەران بـووی، بـەڵام دەبێـت ئـەمڕۆ پێـی دڵخـۆش بیـت. دڵخۆشـی بـەوەی نابێـت هـەموو کـەس لـە دەقەکـەت تێبگـات، دەقـی پـاك و بێگـەرد و پـڕ لـە شـیعرییەت خوێنـەری شـارەزا و ئەزموونـداری دەوێ، ئەوانـەی دەقێـك ڕەت دەکەنـەوە، نـازانن شـیعرییەت وەك جۆگـەی ئـاو جێگـای خـۆی هـەر دەکاتـەوە و هـەر دەپەنگێتـەوە، دەپەنگێتـەوە، دواجار زمانە سادە و ساکار و ئاساییەکەی بەناو ڕەخنەگرەکەش ڕادەماڵێ.

بـە هـەمان شـێوە هـەموو پەسـنکردنێکی دەقـیش پـڕ لـە شـیعرییەت نییـە و هـیچ پەسـنێکیش بنـەما هونەرییـەکانی دەق پتـەو ناکـات، ئەوەنـدەی تامـەزرۆیی شـاعیر بـەرەو گەیشـتن بـە ئاسـوودەیی دەق و خـەملێنی ئەدەبییـەتی دەق زیـاتر دەکـات، ئەمـە سروشـتی ژیانـە دەبێـت شـیعرییەت بـەناو دەمـاری ژانـدا بـڕوات و بـە ئـازارەوە لـە دایـك بێـت. خۆزگـە چ ئـەو جـۆرە ڕەخنەگرانـە و چ خوێنـەرانیش بەتایبـەتی و وەرگـر بەگشـتی زۆربـەیان لـەناو تیـۆری وەرگـرتن جێگایـان دەبوویـەوە، چـونکە چ ئـەو پێشـەکییە و چ کـۆی چـامەکە زۆر بایـەخ بـە وەرگـر دەدا، هێنـدەی ئێسـتێتیکای وەرگـرتن و ئێسـتێتیکای وەرگـر لـەم چـامەیەدا جێـی دەبێتەوە، چەمکەکانی تـر کـەمتر ئـەو بوارەیـان هەیـە، ئەمـەش چـێژی وەرگـرتن و

چـێژی دەق پتـەوتر دەکـات. بـە کورتییەکـەی تـا نائاسـاییبوونی واتـا زیـاتر بێـت، دەق چێژی زیاتر دەبێـت، بـەڵام چ دەکـەی ئەگـەر کەسـێك لـە زمـانی خـۆی بـترازێ لە هیچ ناگـات، لـە نائاسـاییبوون هـەر چـش. دواجـار ئـەوەی چـێژی ئێسـتێتیکای ئەدەبییە تخوونی ناکەوی.

ببوورە زۆرم درێژە دایێ، دەستت خۆش و هەر سەرکەوتوو بیت.

**هێمن عومەر خۆشناو**

**٢٠١٠/٩/١٦ شەقڵاوە**

## ١٣

برایەکەم ڕەنجدەر: ئەم نامەیەم وەك نامەی ماڵئاواییکردن لە نووسین، یان مانیفێستی مردن لێ وەربگرە چۆن باس لەخۆم بکەم، مەگەر پارێك نیم لە جەستەی وشە و نووسین و ئەفراندن. کەواتە: ئەوانەی نووسیومن، من بوون. ئەمێستا پڕۆژەنووسینێکی دواخراوم، ئەگەر درەختی ڕۆحم وشکی نەکردبێت، هەست دەکەم لە چەقی دوورگەیەکدام تەنیا ساپە بەرد و لم و چەوە خولگەم، نە چڵێکی پاراوی سەوز، نە بایەکی فێنکی شەماڵ، نە چەهچەهەی مەلێکی عاشق، دەشێت هەستەوەریی جارانم لێ تۆرابێت، یان من لە ئاستیدا نەماوم، ئەگینا دەبوایە بەخۆمدا بچمەوە، ناخ و بیر و گیانم پەرگەما بکەمەوە، چاوەنۆڕ بم بەشکو پەڕ و باڵی باڵندەی هونەر، جارێکی دیکە لە ئامێزی پڕ هەڵقولان و پیت و فەڕ و سۆزی خۆییم بگرێتەوە، ئەگەرنا زۆر خامۆشم و هەنووکە هیچی دیکەم لەمێشکدا نییە. لەم دۆخە نالەبارەی گیانکوژییەدا، بێدەنگی کەپکی نییە و بێ سوودیشە. زۆر نووسینی لەمەوبەریشم بە لەش و بە ڕۆحەوە شەکەت و بێ شەنگی کردووم. چی دیکەی نوێ بدەرێنم، کە هێشتا نووسراوم هەیە دیلی بیری دۆگمای چاو سوورانە و ئەوانەی ڕووناکییان دیوە، تاکوتەرا شەنوکەو کراون. لە سەروبەندی ڕژێم و هەنووکەیش، هەمان چاوی ئەبڵەق و قەیچیی سانسۆر بەرەنگارم دەبنەوە، بەلامەوە ئەگەر قەڵەم سەرفراز و ڕەها نەبوو، هەرگیز دیموکراسی و ئازادی بوونی نابێت. من تاکێکم لەو

کۆمەڵانـــەی، کـــە بـــە دژواری و کولەمـــەرگی ڕۆژگارمـــان دەگـــوزەرێنین، دابـــڕانم لـــە هـــەژار و چەوســـاوان، تەکانـــە و دابڕانمـــە لـــە دڵبـــەرزی وشـــە و شـــکۆی دەربـــڕین. هەرگیز بـــۆ قۆســـتنەوەی پایـــە و بەرژەوەنـــدی لایەنـــەداری دەســـەڵات نەبوومـــە. ئـــاخر بەڕاستی بوومەتـــە تیتروسـك، ئـــەو تیتروسـکەی دوایـین ڕۆمـانم، تـــەنیا ئاسمـانێکی کـــراوە و ســـامالّم گەرەکـــە تێیـــدا بفـــڕم و پاشـــان لـــە پەڵەهەورێکـــەوە بـــارانی پـــیرۆز ببارێنم و هیچی دیکە ئـــەوجا: بـــرای گیـــانی بـــەگیانم، دەپرسم ئایـــا تیتروسـك بـــۆی هەیـــە بنووســـێت، یـــان هـــەر دەتیتروسـکێنێت، پێشـــتر ڕزگـــاریم لـــە دەرانـــدن و دەربـــڕینی ڕۆحـــە ناشـــادەکەم دەبـــینی، ئەمێســـتا بـــەو یادەوەرییانـــەدا دەچـــمەوە و فرمێســـك و هەنیســـك لـــەجیاتی بـــاران لـــە چـــاوە کڵـــۆڵ و دەروونـــە پـــڕ ئازارەکـــەم بازرقـــە دەکـــەن، بۆیـــە زاتـــی نزیکبوونـــەوەم لـــە قەڵـــەم نییـــە ئەمـــە چ مەینـــەتی و زەحمێکـــە، ناوبـــەناو بـــیر لـــە قرتانـــدنی دەمـــارێکم دەکەمـــەوە، نـــەك بـــۆ پاســـاودانی نووشســـتی و قـــەیرانی جوانکـــاریم، یـــان بـــۆ داپۆشـــینی وشـــکبوونم، نـــەخێر، بـــەڵکو دۆخێکـــی ناهـــەمواری واقیعـــی و بایەلۆژییـــە، چـــونکی ئەگـــەر وشـــە بەهانامـــەوە نەیەت و قورتارم نەکات، ئـــەوا دەبمـــە جەســـتەیەکی بـــێ گیـــان. چـــوون هـــەزارانی نـــاو کـــۆلاّن و ســـەر شـــەقامەکانی شـــار، پەرتـــەوازە بـــوون و نـــەبوونم وەك یەکـــە. خـــۆ دەزانیـــت، بـــەدەر لـــە وشـــە ئـــارایی و جوانییەکـــەی، کـــە هەبوونمـــە. بەتایبـــەتی وا هەســـت دەکـــەم نـــە جـــوانیم لـــەلا مـــاوە و نـــە بـــوونێکی ســـەرمەدی تـــاوێرێکم لـــە گۆڕەپـــانێکی پـــڕ تیروکـــەوان و ڕاوچـــی دلڕەقـــدا، ئامبـــازی شـــەکرە و چـــەندین دەرد و مەینەتی تەمـــەنی پـــیری بوومەتـــەوە، لـــە تەمـــەنی بـــەرەو هەشـــتاکاندا چ ئازارگـــە و چ چـــێژگەیەکە، لـــەپاڵ دیـــواری ڕۆحـــدا مشـــتومڕ لەگـــەڵ قەڵـــەم بکـــەم لـــە ڕۆژگـــاری تەڕنووســـی و جوانخاســـیمدا بـــەخۆمم دەگـــوت: ژیـــان بێکـــەڵك و پـــووچ و بەتاڵـــە، ئەگـــەر ئەمـــە پایـــەی نووســـەرێکی نوێبـــەخش و ڕۆماننووســـێکی ســـەلیقەداری جیاواز لەوانەی هەن. ئەوا ئێســـتاکە، لـــە ڕۆحـــی ئـــەو بەتاڵییـــە و لـــە بـــەرزەخی ئـــەو

وشكاييیه نەبانـەدام. لەباوەڕێكـدا بـووم، هـەر ئـەزموونێك شـێوە و شـێوازی خـۆی دەدۆزێتـەوە نـەك بـە سـەپاندن و لاسـاییكردنەوە. ئاوهـا دەمڕوانییـە شـێوازی دەرەكیـی داهێنـان و گرێچـنی نـاوەكیی دەق. شـێواز و نـاوەرۆكم بـە جووتـە بـاڵی هاوكێشەیەكی دینـامیكی دەبـینی، نـەك ئەمـەیان بـە سـەرەكی و ئـەوی دیكـە بـە لاوەكی، یـان بـە پێچـەوانەوە ڕەنجـدەری بـرام: مەبەسـتی نووسـینم بەرجەسـتەكردنی مرۆڤایەتی بوو. پەناهەنـدەییم لەتـەك نووسـیندا بـوو، وشـە دالـدە و ڕوانگـەم بـوو، وا ئێسـتا ڕووت و ڕەجـاڵ لـە دەشـتاییەكی كـاكی بـەكاكی و قـاقڕدام، لەگـەڵ دێوەزمەی تەمەنـدا چـار چـییە. خـۆ خەریكـە بمكاتـە قـەپێلكی كیسـەڵ و سـەدەفی ڕۆحـی لمـین، وای لـەم دۆزەخـەی تێیـدام، مەگـەر تـۆی هێـژا بەهەسـتیاریی شـاعیرانەت لـە كرۆكـی ئـەم ئـازارەم بگـەیت، بـەڵام نەكـەیت لـە ئاسـت ڕۆژگـار و هەڵوێسـتەكانمدا بـە تـەڵخبین و ڕووخـاوم بزانیـت، واقیعەكـە وەكـو خـۆی دەخەمـە بـەر ڕوونیـی نیگاتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش لـە زەمـەنێكی خۆمـدا دەژیـم، كـە ئاوێتـەی. (ئێسـتایی – ڕابـردوو- داهاتوو)شـە، ئەڵبەتـە بـەجیاوازیی كـات و شـوێنەكانەوە، لـە چـركەیەكدا هەڵشـێلاوی هەرسـێكیانم ئەمەیشـە گرانـایی و پاڵەپەسـتۆی بوونیانـەی بەسـەر ڕۆحمـەوە هەیـە، زەمـەنێكی خۆمـە و دەشـبێت بەسەری ببـەم. ئەمەیـە بـارگرانی تەمـەنم، لەلایەكـەوە زێـدم لـەناو پـەڕەكانی دڵـدا هـەڵگرتووە، لەلایـەكی دیكـەوە خـەڵك و چارەنووسیشـیان لـە قـوژبن و پـەناكانی دەروونم شـوێنگیرن. ئـەم دیاردەیـەش لـەلای زۆرینـە دانسـقە و دەگمەنـە. لەتـەك ئەوەشدا، بـە چـڕی بـیر لـە دوو شـتی دواڕۆژیمـان دەكەمـەوە: ئاینـدەی ڕۆشـنبیری و سیاسـیمان، كـە هـەردووكیان ڕەنگدانـەوەی بـارودۆخی ئابووریمانـە، باشـووری كوردسـتانەكەم بووەتـە مۆڵگـەی كۆمپانیـا چاوچـنۆكەكانی دراوسـێ و ڕۆژئـاوا و زلهێـزان ئـەوجا: (چـیمان پێـدەدەن) پرسـیاری سـەرەكیمە، هەرچـەندە (چـی دەبـەن) ئاشـكرا و ڕوونـە. ئـەم نـەوەی ئێسـتا، لـەم تەنگـژە نالـەبارەدا، لـە ڕێچـكەی كـام

ئەدەب و کام هونـەر دەگـەڕێت، مێشـکمی ئاڵۆزانـدووە. ئایـا پـەرە بـە خەونـەکانی منگـەل دەدەن، یـان ترسـی بـە جیهـانیکردن ڕایاندەماڵێتـە خەرەنـدی نەمانـەوە. ئەوەتا سەرەتای شـێواندنی تـاڵی زمانەکـەمان، کـە ناسـنامەمانە بـە وشـەی بیـانی و نـامۆ، بـە بەرچـاوی دەسـەڵات و ڕاگەیاندنەکانـەوە دەشـێوێندرێت جـا: نـەوەی پاشـەخۆم بـۆ تـەواوکردنی هـەنگاوە پەتییـەکانم بانگهێشـت دەکـەم، بـا گـوژمتر و بـەرینتری بکەنـەوە. خۆیـان بـن، چـوون مـن خـۆم بـووم و نـەبووم بـە بەشـێك لـە ئەوانی دی. واتێدەگـەم، کـە نوێگـەری لـە واتـا گشـتییەکەیدا تێـڕوانین و فەلسـەفە و جیهـانبینیی نووسـەرە بـەرەو چـاکتر و هونـەریتر. لـەوەش ڕوونـتر دەڵـێم: هەڵوێسـتە بـیری ئـەو ئافریدەکارییـە بەرانبـەر بـە دامـەزراوەی شـتەکان، ئـەویش بـەگۆڕینی زمـانی ڕاپـۆرتی بـۆ زمـانی ئەفرانـدنی هێمـا و دژەبـاو و ئامـاژەی شـیعرییانە، گـۆڕینی زمـانی سەرسـامبوون بـە ڕووالەتـەکان، بـەزمانی پـەردە لەسـەر لابـردن و کەشـفکردن. گواسـتنەوەی زمـانی مـەنتقی و بـاو بـۆ زمـانی تەقاندنەوەی دیدیی ئەفسانە ئامێز. لـە دیـدی منـدا ئـەو سـێ خاڵـە هـەرە گـرینگ بـوون دڵسـۆزی داهێنـان، ڕەنجـدەری بـرام: ئەوانـە و خـاڵی دیکـەیش لـە وزەی هـەموو قەڵەمێکـدا نییـە، جیهـانبینیی دەربـازبوون لـەو داڕشـتنە بـاو و سـواوانە، زۆر بـە ئاگاییـەوە لـە پێشـبڕکێی قەڵەمـدا مەبەسـتی سـەرەکیم بـووە، هـەر بۆیـە هەندێك لە خوێنەری هێـژا وا تێگەیشـتبوون، کـە گوایـە پـەنام بردووەتـە بـەر لێڵـی و ڕێگـای داخـراو ئایـا لـە خۆشـەبەختیی نووسـەر، یـان لـە نیگەرانیـەتی، کـە دەبینێت نووسـەرانی پـێش ئـەو، ئەوانـەی هاوقەڵـەمی بوونـە هیچـی ئـەوتۆیان بـۆ نەهێشـتووەتەوە، بۆیـە تووشـی پاڵەپەسـتۆی دەروونـی و بەخۆداچـوونەوە هـاتووە، ئەمـە جێـی دڵەڕاوکێیـە. ئـەزموونی ڕۆحـی لـەلام، ئەڵبەتـە بـە واتـا فـراوان و وازەکـەی، نـەك بـە پێناسـە لاهـووتی و ئایینییەکـەی، کانگـەی ئـەدەبی و هونەرییـە بـە گشـت شـێوەکانی نیگـایی و بیسـتەنی و وجودییانـەوە. کۆکـەرەوەی

کرۆکــی داهێنانەکەیــە، لــە تاکــە چــاوگی سرووشــانەوە (وەحــی و ئیلــهام) هەڵــدەقوڵێت و دەڕژێتــە تاکــە چــۆڕاوگەی (جوانی)یــەوە. تــۆ بنــۆڕە ســێ پێکهێنەرەکەی مــەردووم: (لــەش ـ عــەقڵ ـ ڕۆح)، ئەگــەر جەســتە نــەبوو، ئــاوەز و ڕۆح لە کێندەرێ نیشتەجێ دەبــن. ئــەی ئەگــەر عــەقڵ لــە مێشــکی مرۆڤــدا نــەما، تەن و ڕۆحی تۆش چ لێکترازانێــك دەبــن. هــەروەها، ئەگــەر هــاتوو ڕۆح لــە لەشــەوە دەرچــوو، هۆشــیش دادەمرکێــت، ئــەدی چــارە هــەر دەبێــت ئــەو ســێیە پێکــەوە بگونجێن و لــە ئاســتەنگەکاندا بــاری لاســەنگیی یەکــدی ڕاســت بکەنــەوە، بۆیــە لــە دەقەکانمدا تێکشــکاوم ئــەو تێگەیشــتنە قــووڵ و ڕەگــاژۆ بکەمــەوە جــا: نــازانم بــۆم ســازاوە، یــان نــا. ئێمــە دەبێــت وەکــو (ئــیبن عــەرەبی) باوەڕمــان بــە ئــایین و خۆشەویستی هەبێت. تەنانەت، ئەگــەر ئــەو خۆشەویســتییە لــە دێــر و لــە مزگــەوت بــوو، لــە تەوراتخانــە و ئاتەشــگەدابوو، لــە بتخانــە و لالــش و کەعبــەدا بــوو، گــوێ بۆ وشە ساکارە عاریفانەکەی، بۆ مۆسیقای شیعرەکەی شل بکە

| | |
|---|---|
| لقد صارَ قلبي قابلاً كلَّ صورة | فمرعى لغزلانٍ ودَيرٌ لرهبانِ |
| وبيتٌ لأوثانٍ وكعبةُ طائفٍ | والواحُ توارةٍ ومصحفُ قرآنِ |
| أدينُ بدينِ الحبِّ أنيّ تَوَجَهْت | ركائبُهُ فالحبُّ ديني وإيماني |

منــیش، یــەقینی عاریفانــەم دەرانــد بەرانبــەر بــە مــرۆڤ و بوونــەوەری و نیشــتیمان. ئەوانــە کڕنۆشــگەی ڕامــانم بوونــە و هــیچ لــە باوەشــی دایــك و ژوانــی دڵــداران و چــی و چــییەکانی لبیــدۆ و هەســتەوەرییەکان کــەمتر نەبوونــە، هــەرگیز ئەگەر باڵاتر و پاڵاوتر نەبووبن

ئەڵبەتــە ئــەو جــۆرە ئەزموونــە ســۆفییانەی بەخەســتی ئامــاژەم بــۆ کــردن لــە پانۆڕامــای گشــت کولتــوور و زمــان و ئــایین و مێــژووی مرۆڤایــەتی هاوشــێوەن،

ئەگەر چوونیەك نەبن. لێرەدا پەنجە نۆمام بۆ ئایین و سۆفیگەری بە واتا کۆنینەکەی نییە. کە پەرستگەکان لە سەروبەندی تاریکیدا مرۆڤگەلیان جلەوگیر و کوێر کردووە، هەرچەندەش لە نەشونمای ئایینگەلی ئاسمانی و زەوینیدا، ئاگادارکردنەوە و مزگێنی نەمانی زولم و بانگەشەی داد و ڕەواییان بەرگوێی خەڵکان دەدا، کەچی دیاردەی نایەکسانی و جەور و زۆرداری باڵبەست و سندم و چەقبەستی دەکردن. دەمەوێت مرۆڤ لە دۆزینەوەی یاساکانی ڕەوتی بوونەوەری ئازاد بێت، بەهاکانی جوگرافیا و مێژوو، ئایدیا و ڕۆشنبیری و ..... تاد، نەك مرۆڤ ببێتە کۆیلەی ئەندێشەی یۆتۆپیا و ڕامیارییە گشتگیرییەکان. لەکاتێکدا بەجیهانیکردن بە تۆبزی کرابێتە ئایینی نوێی جیهان و (بازاڕ) و کتێبی پیرۆزی بێت، کە وشەکانی بەهەمان دگانە ترسناکەکانی سەردەمی (دراکیولا) نووسرابن.

برای شیرینم: شاعیری نوێبەخش، کاکە ڕەنجدەر: ڕۆشنبیر، لە ڕۆژێکدا سێ جار تووشی هەڵوێستنواندن و مەرگی گیانی و جەستەیی دەبێت و دەکەوێتە تاقیگەوە، جاری یەکەم: لە پێناوی بژێویدا، جاری دووەم: لە جەزرەبەدانی سانسۆر، جاری سێیەم: لە تابۆکانی ئایین و سێکس و دەسەڵات.

ئەوجا: ئەو ڕۆشنبیرە، لەناو سووتماك و خۆڵەکەوەی سەمەندەرانەی خۆیدا بۆ پاشماوەی هەستەکان و ژیلەمۆی خۆی بگەڕێت.

لە کۆچیرۆك و ڕۆمانەکانمدا، گوتەی خۆم بەڕاشکاوی دەرانـدووە. دەمامکم لە هەندێك ڕووی دزێو هەڵداوەتەوە، ئەوجا کارمەندبووبن، یان گیرفانمەند و دیاردەی چەوێڵ و پووکاو. ئەڵبەتە لە دوو تۆیی دارشتەی هونەری و بەکاڵای ئێستێتیکەوە.

بەرام: هاوسەرگیری کاسۆلیکی لەگەڵ سیاسەتدا، تەڵاقدانی ئەدەب و هونەرە، تۆ دەڵێی چی. سێ مەرج هەیە بۆ ئەوەی ئەفراندن گەشە بکات،

ئەوانیش.

* بوونی ئازادی، کە نێوانی ڕووناکبیر و دەسەڵاتدار هاوسەنگ و داننان بێت بەمافی هەریەکەیان.

* ڕۆشنبیر خاوەنی شکۆ و ڕێز بێت و دەنگی بیستراو بێت.

* دەسەڵات ڕێز لە تاکمەندی و دەنگی بگرێت.

بۆ نموونە: پەیوەندی و (وەك یەکی) لەنێوان (سەعد زەغلول) و هەریەك لە (قاسم ئەمین) و (عەباس مەحموود ئەلعەقاد) هەبوو. ڕێز و تەبایی و هاوکاری لەنێوان (عەڕڕابی) و (عەبدوڵڵا نەدیم) و (سامی ئەلبارودی) هەبوو، هەروەها (مستەفا نەحاس پاشا) بەمەرجی (تاها حوسێن) قایل بوو، کە دەبێت خوێندن بکرێتە خۆڕایی بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری مەعاریفی ئەو سەردەمە. ئایا ئەم دۆخە لای کورد هاتووەتە دی. لەپاڵ گرفتی ئازادیی دەربڕیندا، پرۆسەی نووسین وەکو کردارێکی ڕاستەوخۆ لکاو بەخودی داهێنەرەوە، خەمێکی دیکەمە.

کاکە ڕەنجدەر: ئەفراندنی ڕۆمان، نە کرداری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە، نە دۆزینەوەی چارەسەری دیاردەکانە، بەڵکو هەڵمەتبردنە ڕووەو چەمکی جوانی. دەستگیرکردنی مەعریفەت (هۆشەکی نەك غەیبی)، ئەوجا ورووژاندنی پرسیار لە هۆشی خوێنەردا، چونکە دۆزینەوەی چارەسەری ئاستەنگ و نالەبارییەکان، وەڵامدانەوەی پرسیارە ڕیشەییەکان کەوتووەتە گەردنی. کۆمەڵناس، فەیلەسووف، ئابووریزان، مێژوونووسان. نەك ئەرکی بنەڕەتیی جوانکار بێت. هەرچەندەش خەمی (هیومانیزم)یان بەرانبەر بە هەژاری، دیموکراسی، ئازادی، نایەکسانی (چ لە نێوان ژن و پیاودا، چ چینایەتی، چ لەگەڵ باڵادەستاندا) لە کەسانی ئاسایی هەستیارترە و پەنگاوی ناخیانە.

بەدیدی بەندەوە، ئەگەر ڕۆماننووس وزەیەکی گەشاوەی هاندەری خستە دەروونی خوێنەرەوە ئەوسا (سەردەمی ڕۆمان) و پاشی ڕۆمانیش دەست

پێدەکات، بۆئەوەی : بپشکنێت و توێژینەوەی بۆ بکات و ڕابمێنێت و پاشان بپرسێت، نەك خەریکی کەڵەکەچنیی ڕووداو و حیکایەتخوانی بێت.

خۆ دەبینیت، پشکنینم پێش توێژینەوە خستووە، هەروەها ڕامانم بەر لە تێگەیشتنی ئاماژە و سیمبولەکان دیاری کردووە، پاشان پرسیار هەڵخستنی ڕیشەیی دێت. وەکو دەرئەنجامی جووتکرداری: پێدان + وەرگرتنە هونەرییەکە. ئا لێرەوەش خاڵی بەرایی میتارۆمان بۆ ڕاگرتنی ڕیتم و هاوئاهەنگی و هاوسۆزی مرۆڤی کورد لەگەڵ سەردەمەکەیدا چەکەرە دەکات، ئایا لە ژیانی (وێنە)یی ئەمرۆژیمان، بەڕاستی لە (سەردەمی ڕۆمان)دا دەژین. چ جای سەردەمی میتارۆمان. ئەو پرسیارە بایەخدارە هەڵوەستەی پێکردووم و هەمیشە بۆ هەنگاوی نوێتر ڕامدەچەنێت، کە بە میتازمان و میتاحیکایەتی ناو دەبەم.

لەبارەی شیعری جەنابتەوەش ئێژم: لە شیعری هاوچەرخدا کەم شاعیر هێندەی تۆ قووڵایی زمانی لە شیعردا خەملاندووە. لە بەکارهێنانی زماندا هەوڵت داوە بەشێکی زۆری هێزی زمانی کوردی بکەیتە هی خۆت، یان گریمان هیچت نەگوتوبێت، تەنیا جیاوازیی شێوازت لەگەڵ شاعیرانی دیکە، سەنگی ئەفراندنت لەلام بایەخدارتر دەکات لە کەسانێك زۆر بڵێن، کەچی خۆیان نین و بەشن لەوانی دی، شانگەرم و دڵخۆش بە، هونەر ڕامان و شێواز و تاکمەندییە، جیابوونەوەیە لە فرینی پۆل. ئەو جیاوازییەت داهێنان و نوێبەخشییە، بەردەوام بە لە داهێنان، دوارۆژ لەگەڵ داهێنەردایە، لەگەڵ تۆ و تۆی ئاسادایە. هەموو دەم ناداهێنەر و ئەدیبە ڕەسمییەکان دژایەتی داهێنەر دەکەن، تەماشای مێژووی داهێنانی جیهان بکە، وێنەی خۆت زۆر دەبینییەوە. بە داهێنانت دەسپێرم.

**عەبدوڵڵا سەڕاج**

**١٠/١/ ٢٠١١ فنلاند**

## ١٤

کاکە سەباح ڕەنجدەری برا و برادەری باشم: وا نزیك بووینەتەوە لە ساڵی نوێ، لە ژیانی نوێ. دەردەسەریساڵێکی تر. ژیان هەستێکی سەرپێیی نییە، هەستێکی ئەزموونکراوە. من زۆر جار دەچمە خەڵوەتی گۆشەگیرییەوە و لەژیان دەترازێم. ئەم حاڵەت و دۆخە بکوژە بە توندی یەخەم دەگرێت و درێژە دەکێشێت و لە دەوروبەرم دادەبڕێت و بێ ئاگا دەمێنمەوە. کاتێك بەئاگادێمەوە دەبینم ڕووداوی سەیر و جەرگبڕ ڕووی داوە و دەستمایە و ئازیزانم لەدەستچوون: **محەمەد عارف، سامی شۆڕش، مەحموود زامدار، ئەحلام مەنسوور، محەمەد موکری، شێرکۆ بێکەس، جیهاد دڵپاك.** بەڵام، کە فێ بەرم دەدات و دەست لەسەر ناوچەوانم هەڵدەگرێت قووڵتر بەئاگادێمەوە ئەو مژدەیە لە بەئاگا بوونەوە وەردەگرم. دنیای جوانی و وەفا دەرگای کراوەیە و هێندە کرایەوە و گەورە و بەخشندەیە، ئەگەر بمانەوێت هەموومان دەتوانین تێیدا بێینە ژوورەوە و بەسەلامەتیش لێوەی دەرچین و بایەخی خۆمان بزانین.

ماوەیەك ئەو هەستە دەیخواردمەوە و پەرێشانی کردبووم. وام دەزانی من لەناو ئەدەبیاتدا دوورکەوتوومەتەوە و پەڕوپۆم شکاوە. کاتێك شاعیرێکی نەوەی دوای خۆت ڕێزت دەگرێت و دێت وەفادارییەکی بێ وێنەت بەرانبەر دەنوێنێت و منەتباری هەتاهەتایەت دەکات. دێمەوە جەرگەی ژیان و

حەزدەکەم زیاتر بژیم و زیاتر مرۆڤی بەوەفا بناسم. هەمیشە بیر لە دانیشتنە ئەدەبییەکانی هەشتایەکانی هەولێر دەکەمەوە، کە دادەنیشتین قەت گوێم لێ نەدەبوو قسە بەخۆڕایی بکەیت. لە هەر دانیشتنێکدا سێ چوار ڕستەت دەگوت و ڕستەکان پێویستییان بە گفتوگۆ و بیرکردنەوە دەبوو، بەهیوام ئێستاش هەمان جۆری بیرکردنەوەت درێژە پێبدەیت، ئەگەرچی لە بەرهەم پوختیت، هەست دەکەم هەر ئاوها ماویتیەوە، بەڵام هیوایەکە و دەیخوازم.

من قەت لە ژێر باری ئەو وەفایەی تۆ دەرناچم، بێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێك، شیعر و چیرۆکەکانمت کۆ کردەوە و چاپت کردن و ڕەنجی زۆرت کێشا، کەچی ئەمرۆ تەنیا سڵاوێك، مەرام و بەرژەوەندییەکی تێدایە. ژیانی ئەدیبانە و ژیان لە پێناو ئەدەبدا بەدەست هەموو کەس ناکەوێت، یان هەموو کەسێك ناتوانێت ئەم بەخشندەییە بەدەست بهێنێت. خودا ئەو خەڵاتەی بە تۆ بەخشیوە و شاعیرانە دەژیت. لەم بۆچوونەمدا زۆر وردبینم. ساتی شیعری، واتا ساتی سیحری و نادیاریت دۆزیوەتەوە. گەردوون پڕە لە شیعر و دیاردەی سەرنجڕاکێشی شیعری. شیعریش بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی مانای بوون و یادگاری شاعیر لە زەینی کۆمەڵگا دەهێڵێتەوە.

لەم نزیکبوونەوەیەی ساڵی تازەیەدا دوو هیوا دەخوازم.

یەکەم: بە هیوام تەمەندرێژبیت و خودا بتپارێزێت و وەك منت لێ نەیەت لە شیعر دووربکەویتەوە، چونکە تۆ فەزایەکی زۆر تایبەت و پڕ هەستت هەیە، لە هەموو توخمەکانی شیعر زیاتر سوود لە هێمنیی زمان وەردەگریت. زمان شیعری تۆ فۆرمەلە دەکات. ئەزموونی تۆ لە هێڵە بنەڕەتییەکانی شیعری کوردی ناچێت و شێوەی گشتی وەرنەگرتووە، لە خەسڵەت و شێوازی خۆتدا پێگەیشتووی. شیعر ئەو خەڵاتەیە ژیانی ڕاستەقینە بە شاعیری دەبەخشێت و ئەرکی شاعیریش ئەو کاتە کامڵ دەبێت لە ژیان و مرۆڤ و ئێستێتیکای زمان بدوێت.

دووەم: ئەگەر هەولێك بۆ ئەوە بدەیت: (دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەك نییە)شم بۆ چاپ بکەیتەوە و پێشەکییەکی بۆ بنووسیت مەمنوونت دەبم. لە ساڵی تازەدا پێ دەنێمە شەست و حەفت ساڵییەوە. جا دوای چاپکردنەوەی کتێبەکەم، مردن دێت با سەر چاوان بێت. ساڵی تازەت پیرۆز بێت و سلاوم بۆ برادەرانی هەولێر.

**سەلاح شوان**
**٢٠١٣\١٢\١٨نەرویج**

## ١٥

بـرای بـەڕێزم: کـاك سـەباح ڕەنجـدەر: سـڵاوێکی شـاعیرانە. هـەواڵت دەپرسـم و بـە هیـوام، قەڵەمەکـەت هـەر بـەردەوام بێـت لـە نووسـینی شـیعر و لێکۆڵینـەوەی ئەدەبی.

برای بـەڕێزم: لەگـەڵ ئـەم نامەیەمـدا چـەند کتێبێکـت وەك دیـاری بـۆ دەنێـرم. بـە هیـوام جێگـای ڕەزامەنـدیت بـن. نـاوەرۆکی کتێبـەکانی مـن، هـەر چییەك و هـەر چـۆنێك بـن، حـەز دەکـەم وەك هـەوڵی خوێنـەرێك ببیـنن، کـە حـەزی لـە خوێندنـەوەی شـیعر و ئەدەبیاتـە، نـەك وەك بەرهـەمی نووسـەر و لێکۆڵـەرێکی ئـەدەبی، چـونکە مـن ئەوەنـدەی شـانازی بـە شوناسـی خوێنـەر بـوون دەکـەم، ئەوەنـدە بەلامـەوە گـرینگ نییـە وەك نووسـەرێك بناسـرێم. ئێسـتاش دوای نووسـینی چـەند کتێبێـك و دەیـان وتـاری ئـەدەبی، هـەر وەك خوێنـەرێك خـۆم دەبیـنم، تائێسـتاش تێنـووێتیم بـۆ خوێندنـەوە نەشـکاوە، بێگومـان تـا دەشمـرم ناشـکێت. دیـارە مـن نووسـینەکانی ئێـوە، چ شـیعر، چ لێکۆڵینـەوە، بـە گرینگییەوە دەخوێنمـەوە. دەستخۆشـیت لـێ دەکـەم. لەگـەڵ کتێبـەکانی خـۆم سـێ کتێبی دیکەش لـەبارەی مێـژووی ڕوانـدزن، وەك ڕواندزییـەك حـەزم کـرد پێشـکێش بە ئێوە بکەم.

کاکـە سـەباح: داواکارییـەکم هەیـە، ئەگـەر بکـرێ یارمـەتیم بـدەیت سوپاسـت

دەکـــەم. ئـــەویش ئەوەیـــە، کـــە مـــن ســـاڵانێکی زۆرە وەك خوێنـــەرێك حـــەز دەکـــەم دیـــوانی: (**جـــەلالی مـــیرزا کـــەریم**) بەناوونیشـــانی (ڕێگـــا دوورەکـــانی چـــاومان) بخوێنمـــەوە. بـــە داخـــەوە چـــەندان کتێبخانـــە لـــە هـــەولێر و شـــوێنەکانی تـــر گـــەڕاوم و داوام لـــە چـــەند نووســـەرێکیش کـــردووە، دەســـتم نەکـــەوتووە. تـــۆ چـــەند جارێـــك لـــەبارەی ئـــەزموونی ئـــەو شـــاعیرەوەت نووســـیوە. بۆیـــە هەســـت دەکـــەم دیوانەکـــەی لای تـــۆ دەســـت بکـــەوێت. ئەگـــەر دیوانەکـــەت هـــەبێ، بـــۆمی بنێـــرن لـــە ڕێـــی مامۆستا: (**ئومێد شـێرکۆ شـاکر مـەجرووم**)ەوە. بـۆ خـۆمی کـۆپی دەکـەم و دواتـر وەك ئەمانـــەتێك بـــۆ بـــەڕێزت دەنێرمـــەوە. جـــا نـــازانم، داواکارییەکـــەم جێبـــەجێ دەبێت، یان نـا. هـەرکامێکیان بێـت، سـڵاوی هاوڕێیانـەم قبـووڵ بکـە و هیـوادارم، نووسینی جوانتری دیکەت ببینم، لەگەڵ ڕێزم بۆ تۆ و بنەماڵەکەت.

**سەدیق سەعید ڕواندزی**
**٢٠١٥/٦/١٥ ڕواندز**

## ١٦

کاکە سەباحی خۆشەویست

سـەڵاوی گـەرموگوڕی برایانـە، لـە سـوێدێکی ساردوسـڕ و ڕچـیو و بەفرگرتووەوە.

زۆر سوپاس بۆ نامەکەت. دڵـت خـۆش کـردم. پێشـتریش چـاوم ڕوون بـووەوە بـە نامەکانی کاکە یادی فرۆکەوان.

ئـەوەی لـەبارەی چـیرۆکەکانەوە نووسـیوتە، زۆر باشـی بـۆ چـوویت. ئـەو دوو چیرۆکە بـە بـیری فەلسـەفی ئـاخنراون، بـەڵام فەلسـەفەی تیـۆری و نـاو کتێـب نـا، بەڵکە فەلسـەفەیەك کـە چـکاوی ئەزموونـە تـاڵ و فراوانـەکانی ژیانـە. لەوەیـە زۆر کەسی دیکەیش بـاوەڕی فەلسـەفەیی وایـان لا گەڵاڵـە بووبێـت. چیرۆکی (تـەرم) تـا ئێستا تەرجەمەی چـوار پێـنج زمـان کـراوە، بـەڵام ڕازخانـەی گومـان تـەنیا کـراوە بە عەرەبی و ئەویش هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەگـەر لـە تەمـەنێکی هەڵکشـاودا زانیوتـە مـن چـی دەنووسـم، بـە خـوا هـیچ ئازایـەتیی مـنی تێـدا نییـە و لەبـەر چـاکیی شیعرەکانیشـم نییـە. ئـەوە بەڵگـەی هەڵکشـانی ئـەزموونی ژیـان و ئـەزموونی هونـەریی خـۆت و سـەرکەوتنی پلـەی جواناسـی و هونەرناسـیی خۆتـە. هـیچ سـەیریش نییـە. چـونکە زۆربـەمان لـەو تەمەنـەدا فێـر دەبـین بـە دڵ جـوانی و هونـەر بچـێژین. بێگومـان دڵخـۆش دەبم

ئەگەر پشكۆی ناو شیعرەكان گەرمییەكیان گەیاندبێتە ناو دڵی تۆیش.

هیـوادارم ئـەو برایـە، **سـامالْ ئەحمـەدی**، بتوانێـت بـە یارمـەتیی كەسـانی وەك خـۆت كۆمـەڵێك تێكسـتی جـوان و بـەرز هەڵببـژێرێت و بیانخاتـە بەرچـاوی خوێنەری فارس.، دڵنیام خوا تـۆی خـۆش دەوێـت، ئـەوەتا یەكسـەر نزاكـەتی بـەدی هێنـاوە: حەفتـەی ڕابـوردوو دیـوانێكی تـازەم لـە لایـەن كتێبفرۆشـیی ئەندێشـەوە (سـلێمانی) بڵـاو كراوەتـەوە، نـاوی (نوختـەی نوونەكـەی ژیان)ـە. مـن خۆیشـم هێشتا نەمبینیوە. هیوادارم بە دڵت بێت.

خـوا یـار بێـت لـە دەرفەتێكـدا تەلـەفۆنێك بـۆ ژمارەكـەی كاكـە یـاد دەكـەم. ئەمەیش ژمارەكەی منە:

0046707575182

هیوادارم لە سەردانەوەی داهاتوومدا چاوم پێتان بكەوێت.

هەر شاد و سەربەرز بژین

**فەرهاد شاكەلی**

**ئوپسالا، نیوەشەوی ١٦-٢-٢٠١٦**

## ١٧

کاك سەباح گیان

سەڵاو و خۆشەویستیی زۆر

نامەکەت جوان بوو، دڵخۆشی کردم، خوا دڵخۆشت بکات.

ئەوەی لەبارەی چیرۆکی (چۆمان)ەوە نووسیوتە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام چونکە ڕووداوەکانی ئەو کاتە و دواتریش هێندە چڕ و پڕ و ڕەنگدارن، هەمیشە هەستێکی وام لە مێشکدایە، کە ئەو ئەزموونە پێویستی بە چوارچێوەیەکی فراوانترە. خۆیشم بە وردی نازانم ئەو چوارچێوەیە دەبێ چەند فراوان بێت؟ بەڵام هەستی شەشەمی هونەر پێم دەڵێت، ئەم بەرهەمە هێشتا کرچ و کاڵە و پێویستە کاری زیاتری لەسەر بکەیت. سەیر ئەوەیە هەر خۆم ڕێگەی ئەوەم دا کە ئەو تێکستە بکرێتە ئیتالیایی، واتە ئەو کاتە پێم وا بووە، کە دەکرێت وەك تێکستێکی گەیشتوو تەماشا بکرێت.

**کاکە گیان**

من سوپاست دەکەم کە ئەو بۆچوونانە لەسەر شیعر و چیرۆکەکانم دەردەبڕیت، کە پێم وایە بۆچوونی ورد و هونەرمەندانەن. ئەوە تەنیا کەسێك دەتوانی وا بڵێت کە زۆر هۆشیارانە لە زمان و لە ئێستێتیك بگات. ڕاستییەکەی پێم خۆشە ئەو باوەڕانەت لەسەر شیعر و چیرۆکەکان لە یەك دوو نووسین و وتاردا بڵاو بکەیتەوە، لە لایەکەوە بۆ ئەوەی بەشدارییەکی

داهێنەرانــە بکــەیت لــە بــواری هەڵســەنگاندن و ڕەخنــەی ئەدەبیــدا، لــە لایــەکی دیکەیشــەوە بــۆ شــەرمەزارکردنی ئــەو هــەموو کۆلکــە ڕەخنــەگرە نەخوێندەوارانــەی تەنیا کاریــان بــۆ ڕووخانــدنی ئــەدەبی کوردییــە، کــە مــن پێیــان دەڵــێم (ڕەخنــەباز) نەك (ڕەخنــەگر)، هــەروەك چــۆن بــە فەریکــە سیاســییش دەڵــێم (سیاســەتباز) نــەك (سیاسەتکار یا سیاسەتمەدار).

لــەم ڕۆژانــەدا یــەك دوو وتــاری بــاش، هەڵســەنگاندن، لەســەر دیوانــە ســوێدییەکەم (ژێیــەکانی دووری) بڵــاو کرانــەوە، کــە خــەڵکێکی زۆر خوێندبوونیانــەوە و بــە دڵیــان بــوون، گەونیشــانی دوویانــت بــۆ دەنێــرم، ئەگەرچــی دەزانم سوێدی ناخوێنیتەوە، بــەڵام تــەنیا بــۆ ئــەوەی ببینیــت کــە لــەم وڵاتــە چــەندە بایەخ بە نووسەر و بە بەرهەمەکانی دەدرێت.

برا

خــوا یــار بێــت مــن بــۆ دەوروبــەری نــەورۆز دەگەڕێمــەوە بــۆ کوردســتان و لەوەیــە ســێ حەفتەیــەك یــا زیــاتریش بمێنمــەوە. بێگومــان پــێم خــۆش دەبێــت چــاومان بــە یەکدی بکــەوێت. ئەگــەر بــۆ جــەنابت دەگونجێــت ســەر بــدەیت و تەشــریف بێنیــت بــۆ شاکەل و گەرمیان دیارە زۆر دڵخۆش دەبم، ئەگەرنا چارەیەکی دیکە دەدۆزینەوە.

هەر شاد و سەربەرز بن

**فەرهاد شاکەلی**

**ئوپسالا، شەوی ٢٩-٢-٢٠١٦**

**(دەزانیت ئەم مێژووە تا چوار ساڵی دیکە دووبارە نابێتەوە؟)**

## ١٨

بـرای بـەڕێزم کاکـە سـەباح ڕەنجـدەر: بـە هیـوای ژیـانێکی ئاسـوودە و بەختـەوەر. ماوەیەکـە ئاگـام لـە دەنگوباسـتان نییـە. هـەر چـەند لـە ڕێگـای نووسـینەکانتانەوە، کـەم تـا زۆر، دەزانم مـاون و دەسـتبەرداری شـیعر و ئـەدەب و یـادەوەری نووسـینەوە نەبووینـــە. ئـــەمڕۆ لـــە ڕێگـــای بڵاوبوونـــەوەی شـــیعرێکتان لـــە ماڵپـــەڕی: (دەنگـەکان)دا، خۆشـبەختانە ئیمێلەکـەت نووسـیبوو، هێنـدەی یـەك دنیـا شـاد و دڵخۆشبووم، ئەم کورتـە نامەیـەم بـۆ نووسـی. ماوەیەکـە فەیسـبووکم نییـە. کـاتێکی زۆری لێدەکوشتم بە خوێندنەوە و نووسین ڕانەدەگەیشتم، بۆیە داخست.

ئـێ، منداڵـەکانت چـۆنن. لـە خوێندنـدا گەیشـتوونەتە کـوێ. خـۆت لـە کـوێ کار دەکەیت و کاتت چۆن بەسـەر دەبـەیت. بـاوەڕ بکـە زۆر تاموچـێژ لـەو نووسـینە بـیرەوەری ئامێزانـەت وەردەگـرم. نامـە کراوەکانـت لـەوان جـوان و نایـابتر. نـازانم هەر من وام، یان ئێوەش. دەبێـت هـی ئـەوە نـەبێت، کـە لەسـەر لووتکـەی تەمـەن بەرەوخوار هەنگاو دەنـێین. خۆزگـەم بـە هەشـتاکان ئـەو کـات نووسـین و خوێندنـەوە و هاوڕێیـەتی و کتێـب مانـا و مەغزایـەکی تریـان هـەبوو، بـەڵام ئـەو زەمـان تـازە ناگەڕێتەوە، ئێستاکەش ئەو ڕسـتەیەی تـۆم هـەر لەگەڵدایـە، کـە دەتگـوت: (سمکـۆ ئەگەر کتێب نەبوایە ئێمە چیمان دەکرد) بژین بە خۆشی و بەختەوەر بن.

**ئیسماعیل تەنیا**
**٢٠١٦/٣/١ هانۆڤەر**

## ١٩

گیانەکــەم رەنجــدەر: گشــت رێــز و ســڵاو و ســۆزم بــۆ تــۆ و دایکــی خــەون و ڕۆڵەکانت، لە وشەی (گیانەکەم) دا خەستکردووتەوە، پترم بۆ ناوێژرێت.

دوایـــین کۆشـــیعرت: ( حەزدەکـــەم ئەوەنـــدە بـــژیم - ٢٠١٥ )، ئـــەزی بـــە شـــیعرییەتی: (پووشـــکین و ئیلیـــەت و ئۆکتـــاڤیۆ پـــاز)ەوە، بەســـتایەوە و بەڕاســـتی لـــە کۆشـــیعرەکانی دیکـــەت ترازاویـــت و دەنگـــت ســـۆزناکتر و پـــاراوتر و جـــوداترە و ئومێـدی داهێنانـت لـە دڵـی گـەورە و بـەهێزی شـیعردا دروسـت کـردووە، بەتایبـەتی لـــە کەڤاڵـــە وشـــەییەکانت و ســـۆفیگەرییە شـــیعرییەکەت، تـــۆ هەشـــتا ســـاڵت بـــۆ تەمـــــەنت نیشـــــانداوە: ( ١٨/١١/١٩٦٥ - ١٨/١١/٢٠٤٥ )، کـــــە دەق دەکاتـــــە تەمـەنی ئێسـتای مـن، ئایـا لـەو کۆتاییيـەدا، (عەبـدوڵڵا سـەراج)ی مامـت لـەکوێ دەبێـت؟ پرسـیارێکە خـۆی لـە زەینمـدا سـەپاندووە، وەڵامـی لـەلای (الهـو)وە، کـە کەڤاڵێکمـە، بـەڵام بـێ نیگاییيـە کێشـاومە، ببـوورە راسـتەوخۆ ئـەم (شـەتەحاتانە) دەنووسـم و لـە فەرموودەیـەکی (ئەلنیفـەری) سـۆفیدا ئاگـادارت دەکەمـەوە، کـە پێمی گوت: (لە تاریکیدا جێگیربە، کە لە تاریکیدا نیشتم، خۆم بینی).

تـۆ لێوڕێـژی لـە هێـزی خـودا، لـەم شـیعرانەتەوە خـۆت ناسـیوە و جەسـتە و گیانی ئۆقرەگری خۆت دەبینی، بەختـەوەر خـۆت، ئـارام خـۆتی، نـەك وەکـو بەنـدە، لە بەرزەخی بـڕوا و نـابڕوادا، لـە لێـواری گومـان و یەقینـدا گیرمـاوم، خـەتای مـن نییـە، خـەتای ئـەوەی سـەرەوەیە، کـە (مێشکم) و (هـزرم) و (هۆشـم)ی ئاوهـا

دارشـــتووه و هەمیشـــە لـــە ســـۆراخی کـــۆن و دەروازە و ڕێنمـــام بـــۆ نایدۆزمـــەوە؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی هەراسانی کردووم و بەگوناحی خۆمی نازانم.

گیانەکـــەم: ئـــەو ئافریـــدەی، کـــە لەســـەرەوەیە، ئێمەگـــەلی ناچـــارکردووە کـــە هەڵبـــژێرین تـــێم دەگـــەی، کـــەوابوو، چـــاوەنۆڕی فریادڕەســـم لـــە باوەشـــم بگـــرێ و ســـوکنایی بـــە گیانـــە ڕەوانـــە ناشـــادەکەم بـــدات بـــەر لـــەوەی (خـــوڵ) دامپۆشـــێ، بـــۆ ئـــەوەی ئـــەم تەرمـــە پـــیس و بۆگەنـــەم ڕەگـــەزەکانی (خـــاك، بـــا، ئـــاو) نـــەگلاوێنێ، حەزم لە ئاگرە پیرۆزەکەیە، بمکاتە زووخاڵ و خۆڵەکەوە.

کتێـــب لـــە وەرگێڕانـــدا دووبـــارە لـــە دایـــك دەبێتـــەوە: داهێنـــان لـــە مانـــا هـــەرە تایبەتییەکـــەی خـــۆی داوام لێ دەکـــات و پـــڕ بـــەگیان و دڵ حـــەز دەکـــەم ئـــەم کۆشیعرەت بکەمـــە عـــارەبی، تـــا عـــەرەب داهێنـــانی داهێنـــەری کـــورد ببینـــن. وەلێ ئاوها پرۆژەیەك کۆتـــایی ئـــەو لـــە ١٠٪ یـــەی تاکـــە چـــاوێکم، ئـــەویش چـــاوی چـــەپمە، گیانەکەم با قـــەرزبێت لەســـەر تەندروســـتی و تەمـــەن. شـــانازی بـــەوە بکـــە، جیـــاوازی لەوانگـــەل، بـــەدەر لـــە پـــۆلی مـــەلانی ئاســـایی، نابـــاو و پشـــت بـــە ڕۆحـــی خـــۆت دەفڕیـــت بـــەرەو دەربـــاری شـــیعر و ئارامگـــەی ســـیمرغ، لـــەم کۆشـــیعرەتدا بەتـــەواوی ترازاویت لـــە پێشـــینەی شـــیعری خـــۆت و نەوایـــەکی نـــوێ، کەڤاڵگـــەلێکی دەگمـــەن و ســـۆزێکی پەرییانـــەت بەلاپەڕەکانـــدا پەخشـــاندووە، هەســـت و نەوایـــەکی ســـۆفی مەشـــرەبانەم لـــە نێـــوان دێـــڕە ورشـــەدارەکانت بینـــی، بەچـــاوی نـــاخم و هـــەم دیـــدی بینـــاییم. ئـــەوەی بەچـــاکی لـــە ڕوانگـــەی جوانســـازییەوە لـــە فـــەیزی شـــەتەحاتەکانت بنواڕی، دەگاتە ئەو ئاقارەی کە بێـــژێ: ئـــەوە (ســـەباح ڕەنجـــدەر) پـــەیتا پـــەیتا کەوڵـــە هـــــزری و هونـــــەری و جوانکارییـــــەکانی دەشـــــاخێنێ رووەو ڕۆحییـــــەتی شـــــیعر و ئێستێتیکا.

باوکی خەون، تۆ و منی نائـــارام لـــە گشـــت جێیـــەکانی ئـــەوێ و ئێـــرە، ناشـــاد لـــە گشـــت ســـات و زەمەنـــەکانی لاوی و تەمەنـــداری، لـــە (زەمەن)ێکـــدا بەرێکـــەوت

هەڵکــەوتین، کــە بــە نــاپیرۆز نــاوی دەبــەم، چــونکە راســتییەکان ترازێنــدراون و جوانییــەکان دزێــو لێــدراون و ..... تــاد، ئەدەبەکــەش پووڵبازارییــە. کــا رەخنــەی زانســتی؟ کــا جواننــاس و کــا رێــز و کــا مــرۆی حەقشــوناس. بەلامــەوە، شــاعیر گرێبەســتیاری نێــوان: زمــان و مۆســقا و وێنەیــە، بــە واتایــەکی رۆشــنتر، کەڤاڵــە زمانییــە وشــەییەکان لــە ســیمفۆنیای گــەردوون هەڵدەکێشــێ، چــونکە نیگارکێشــی بلیمەت، کەڤاڵە رەنگییــەکانی ئاوێتــەی مۆسیقا و زمــانێکی پــەیڤین دەکــات، ئــەم بۆچــوون و هاوکێشــەیە بــۆ رەگــەزەکانی دیکــەی هونــەر و ئــەدەب، بــە دراماشــەوە ..... تــاد، دەشــێت ئــا لێــرەوە رۆحییــەتی دەق چــون کانیلــەی ســازگار هەڵدەقولێت.

ئافریــدەکاران، هــەڵگری ئــاگری خــوداین بــۆ ئــەوەی شارســتانییەت دروســت بکــەن. شــیعر شــیلەی وشــەیە، بــەجۆرێکی دی، وتــەی وتەیەکــە قــۆزراوی زمــانی هــۆز و زمــانی ســەردەمە. تــۆ بزانــە چــەند ســەردەمییانەیە، پێناســەی شــێخ محێدینی عارەبی، کە فەرموویەتی: (شیعر خۆ دابڕینە لە ئاسایی باو).

بۆدلێر و رامبۆ و مالارمیە و سان جۆن پێرس و رێنی شار و **نالی و مەحوی و گۆران** و ناوی دیکەش. هەمان رێچکەیان گرت، بەبێ گوێدانە دەنگی نارەزایی ئەم و ئەوی سەردەمەکەیان، تۆش وەهابە، خۆ واتکردووە. من ئاسایی، کە نەکڵۆك بین لە چاوی قرێژان و گەمژە بیران، پانتایی داهێنان بە ورشەی سەرشانۆ و پیاهەڵدانی درۆ، گیرفانمەندی و خەلاتی بەرژەوەندمەندان قەتاوتەت هەڵناسەنگێندرێت. ئەوەی لە (بازار)ەکەدا دەیبینین، بازاڕی گەوهەرناسی نییە، بەڵکو بازاڕی (هەراج) و گەندەفرۆشی و هەم خۆ فرۆشییە. ئەوەی پەنجە بخاتە سەر زامەکە، چارەنووسی وەك چارەنووسی رۆمانی: (سلیکۆك هۆکلێر)ی من دەبێت، بریا سەد بریا بەر لە ماڵئاوایی ژیانم، بەچاوی کراوەوە، کۆرۆمانەکانم بەبێ هەڵە دەبینین، خۆ دەزگای ئاراس لە پرۆژەیدابوو ئەم کارە بکات، بەداخەوە لە بەختی من ئەمیش داخرا، رەشبین نیم، وەلێ لەم رۆژگارە

سەقەتەدا مەحالْ و دژوارە ..... مخابن، بەڵام دوای مردنم ئومێدم بە خوێنەری بە وەفا زۆرە.

لــە ئــازار و موعانــات و ئــەزموونی پــیرۆزی رەوتــارەوە، داهێنــان، ئەفرانــدن، دێتە ناو کایــەی هونەرییــەوە، دەتــۆ وردبــەرەوە لــە ژیــانی (ڤــانکۆخ) بــۆ وێنــە، لــە ژیانــدا تێرەســك نــەبوو، کەچــی کەڤاڵــەکانی بــە دەیــان ملیــۆن دۆلار دەنرخێنرێــت. زۆرانی تر وەکو ئــەو لــە مێــژووی ژیاریــدا هــەن. لــە ئەمســتردام دووبــارە ســەردانی نزیکــەی (٥٠) کــەڤالْی ئــەو بلیمەتــەم کــردووە و رۆحمــی چــالاك کردووەتــەوە، لــە ساڵی (١٨٩٠) و لە تەمەنی کــورتی (٣٧) ســاڵیدا گوللــەی بــە خۆیــەوە نــاوە، بــەر لــەوەش گوێیــەکی خــۆی قرتانــدووە، بــۆم دەرکــەوتووە، کــە زۆرینــەی نوێبەخشــان و ئافریدەرانی بــەدەر لــە بــاو و ئاســایی و ژیــانی خۆیــان نیمچــە شــێت بــوون. شــێتی هونەر و جوانی و داد و هەق.

ئەمە چ شــێتییەکی جــوان و پــیرۆزە کاکــە (رەنجــدەر)، بێمــەوە ســەر دەق بــەواتا جــوان و سەرســورهێنەرەکەی، بــەگوێرەی شــارەزایانی (زمــانی دەق – Text)، حــەفت پێوانــەی بــۆ دیــار کــراوە لەلایــەن (رۆبێــرت دی بۆجــوان) و (دریســلەر)ەوە، کەوا لە زۆربەی توێژینەوەکانی زماندا، دانیان پێدانراوە:

١- ســـەبك (دارِژتـــە)، کـــە دەکاتـــە پێبەنـــدی نـــەحوی ( گرامـــەر - Grammar) کە بە زاراوەی (Cohesion) دەناسرێت.

٢- حەبەکە (تانوپۆ)، یان تێبەندی دەلالەتەکان ( Coherence).

٣- ئامانج، یان مەبەست لە دەقەکە ( intentionality).

٤- وەرگـــرتن (قبـــول) لەلایـــەن خوێنـــەر و بیســـەر و گـــوێگرەوە (Acceptability).

٥- راگەیاندن بە واتای (الاخباریە) (informatively).

هەڵبەتــە خــاڵی یەکــەم و دووەم گــرینگترن لــە وانــەی دی، دەگەرێمــەوە ســەر

ئەفراندن و داهێنانی ئەفسوونی وێنە و ئەفسوونی زمان و چندراوی سفتوسۆڵ، ئەو کارەی کە پێشتر گوتم: شیعر واتای، یان وشەی سەرووی واتا و وشەکانە و بێجگە لەوەش، پاڵاوتەی زمانی بازاڕی و فەرهەنگە، ڕۆچوون و بەقووڵداچوونی شاعیرە لەگەڵ جیهانبینینی بۆ بوونەوەری (الوجود) لەهەردوو دیوی (زاهیر و باتین). هەڵبەتە بە مەنتیقی جوانکارییەکی ناباو و سواو بووەوە. درەوشانەوەی ئەزموونی وشە ئارایی و پێچراوی روئیای نیگایی و شۆڕبوونەوەی ناخیی و دەروونی، وا لەو شاعیرە دەکا و باڵی پێدەگرێ بۆ هەڵفڕین، لە وێنەیەکی هزرییەوە (image) بۆ وێنەیەکی دیکەی ئاخڵەدارتر و کانگەی ورشەدانەوە، چوون (گیا)یەکەی ڕۆمانی: (سۆناتای ڕۆح) و دووبارەبوونەوەی لە ڕۆمانی: (ئەژدەر)دا، یان وەك گیای نەمری گەلگامێش کە نەیگەیشتێ، وەکی دیکە، کە نووسەرە نەناسراوەکەی دەقە سۆمەرییەکە پێی گەیشت و بە گومانای نەمرە.

ئەم هەموو تێپەڕاندن و داهێنان و هونەرە دانسقەیە، لەڕێی هێماکاری و خوازە و بە ئەفسانە کردنەوە، قۆزاخەکەی دەترەکێ و ئاوریشمی دانسقە و نەبیندراو خۆی نمایش دەکات، لە چرکەیەکی (تەجەللی) و زەینێکی شەفاف و کریستاڵی دەردەپەڕێ وەك ماسییە نەرموشل و فسفۆرییەکانی هەرە قووڵایی و پەنامەکییەکانی ئاوە بێگەردەکان.

نووسیوتە (سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم ــــ هەزار ڕێگای هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕوونـاکی) لەو ڕێیە سەختەش، لە ڕاماندا خۆبینین و خۆناسینە وەك پێشتر ئاماژەیەکم پێداوە. لە کۆتایی ( شیعر ئەی ناوی خۆم)دا، هەم بە بۆچوونی جوانسازیی ــــ بەراوردکاری و هەم تەریب بوون، دەبوایە لەگەڵ چوار ڕەگەزە دێرینەکانی گریکدا، چوار دەقی پیرۆزت نیشان دابا، نەك (سێ)، بۆوەی هاوسەنگ، هاوتەریب بێ لە دیدی ئێستێتیکاییدا وەکو:

تەورات ئاڤێستا

زەبوور تەورات

یان

ئینجیل ئینجیل

قورئان قورئان

باوابێ، خۆت لە هەڵبژاردندا ئازادی.

لە ڕۆمانێکمدا (لەیادم نەماوە کامیانە) ئەو چوار ڕەگەزەم تاوتوێ کردوون و بەلای (ئاگر)دا شکاومەتەوە و هۆیەکانیشم دەرانددووە بۆ؟ لە گەرمیان و کەرکووکدا بەو (بزنمشکە)ت ئێژن (بزنمژەك)، گوایە گوانی بزنان دەمژێ و لە کونی گواستانان دەژیت.

گیانەکەم ڕۆحمان ئارام لە نێوان تەونی نەگریسی جاڵجاڵۆکەکانەوە تریفە دەدەن و بینایی گەندەڵ ویستان لێڵ و پڕ خوێ دەکەن، حەزدەکەم خۆت زۆر بەو شکڵبازی و خانە دامەییبیانەوە....for mali form، خەریك نەکەیت و ئەو چرکە قۆناخە جێبهێڵە، ئەرێ (بازنە) بەو نەمری و پیرۆزییەی بۆ لە لات، لە کۆ شیعرەکانت نیشتەجێ نەبووە (٠) خاڵ هەرچەند کۆشا و ڕەنجی دا، دەرفەتی لەو دیواربەندییە ـــ کە سەرەتای کۆتایەتی و بەپێچەوانەشەوە، نەدۆزییەوە، بۆیە نافڕ هەڵفڕی و لە چەقی بازنەکەدا خۆی چەقاند. دەبزانە (٠) چەند مەزن و سەرەکییە، ئاخر گشت هێڵەکان : ڕاست ـــ چەماوە و شکاوەکان بەو خاڵە موبارەکەوە دەست پێدەکەن و بەویش کۆتاییان دێت، لە دەقێکم لە یادم چووە (هەی هاوار لە دەست و چنگی بیرچوونەوەی تەمەن) گوتوومە: کۆتایی جەستەیی سێ مەودای ـــ درێژی ـــ پانی قووڵایی، یان بەرزی، بەرووبەر تەواو دەبێ، کە تەنیا دوو مەودای پانی و درێژی هەس. ئەم ڕووبەرەش بەهێڵ بە کۆتا دێ، ئەگەریش لە هەموو جۆرەکان هێڵ بن، (یەك)

مەودای هەیە. کۆتایی ئـەم جـۆرە هێڵانـەش (٠) خـاڵی نوقتەیـە: ئـەوجا بزانـە کـە خـاڵ کەرسـتەی هـەموو شـیعرە ئەندازەیییـەکان بـوو، چـون مارێـك، بـاز کلکـی خـۆی مـژیوە و داخـراوە، بەسـەر جیهـانی کامـڵ و جاویـد و نێرڤانـای خۆیـدا ئەمانـەت بیر دەخەمـەوە. چـونکە لـە دەقەکانمـدا تـاوتوێم کـردوون و تیـۆری خـۆم دەرانـدووە. ئەمـە بەسـەر ڕەنگەکانیشـدا دەسـەپێت. تـۆ خـۆت چـاکتر لـەمن ئەوانـەت لـەیادە و دەشـێن بـۆ کاکڵـەی نامیلکـەی هـزری هونـەری شـێوەکاری — ئێستا هەنـدە (شـت)م دێتـە زەینـەوە، کەچـی هـەتا یـەکێکیان ڕاو دەکـەم، ئـەوانی تـر لـە شـەققەی بـاڵ دەدەن، ئـای تەمـەنی پـاش هەشـتایی، خۆزگـە سـێوێك دەبوویت. بتخواردایـە و ئـەوەی تـر بژیابامایـە، کـوڕە نیـو هەنـدە، قسـەی خۆمـان بێت بە چارەگێکی هەشتاکەش قایلم.

ڕەنجـدەر گیـان: هێشـتا کانیلـەی ئەفرانـدنم قوڵـپ دەدا، غـەدرم لێکـرد بەنامەیـەك بـۆ جـەنابت - چـیمەنتۆڕێژم کـرد، ئـەوە بـا بـە نامـە تۆڵـەی خـۆم بکەمـەوە، دەمـەوێ ئـەو تیتراوسـکەی بـۆمی دۆنایـدۆن بکاتـەوە بـۆ کـەوڵی مرۆیـی، بـەڵکو تینوویـەتیم بـە دەربڕینـی بـڕێ وشـەی ڕەنگاڵـە و نیـوە بازنـەی ڕەنگینکـەوانان بەسـەر زێدداچـوون، خـودای ئاسمـانی فیرعـەونی سـەیوانێك هەڵبدەم، هەرنەبێ چەترۆکەیەك.

خوداکـەی نـاو کۆشـیعری: (حەزدەکـەم ئەوەنـدە بـژیم) ی ڕەنجـدەر، ئـادەی تیشـکێك بـۆ دیـدەم بنێـرە و بەسـە ئـەم (حـاڵ)ەی کـە خـاڵ و وێرگـوڵ و کەوانـە و تەنانـەت (پیت)ەکـانیش بـە حـەزی خۆیـان لەسـەر پانتـایی کاغـەزدا دەنیشـنەوە و نایـانبینم، سـوپاس بـۆ دەسـت و پەنجـەم، لـە ئـەزموونی زۆر و چـڕەوە ئـەرکمان تۆزۆکەیـەك سـانا و هاسـان دەکـات. چـەندی دەکـەم بـۆم ناکرێـت، بـۆم ناکرێـت بگەڕێمـەوە سـەر دێـڕ و لاپـەڕەکان و هەڵەچـنییان بکـەم. ئـەوە ئـەرکی جەنابتـە پارەکـەی دڵـم، بـاوکی: (Yad pilot/ یـاد فڕۆکـەوان). فڕنـدە ئـەوە هـەتا دێـت،

هێمـا و وشــه و دێڕەكـان لــه نیگامــدا كـاڵ و كـاڵتر ئەبنــەوە، لەوانەشــه ڕۆژێــك ئاوابن و ڕەشایی تاپۆ دایانپۆشێت، وای وای لەم دۆزەخەم.

(ڕەنجـدەر) ئـازار دەنووسـێت، بـەڕەنگ و هێـڵ دەكێشـرێت، یـان بـه ڕیـتم و زایەڵــه و ســەدا لــه ســیمفۆنیایەكی نــەمردا دەتوێتــەوە، هەنووكــه لــەناو چــوار وەرزەكــەی (ڤیڤاڵــدی)دا لــه درەوشــانەوەی (ڕوونــاكیی مــانگی) (بێتهــۆڤن)دا پێمەلــه دەكـەم خۆزیـارم لـه ڕەوتـی ڕەنگـه ڕاچـەنیوەكانی (ڤـانكۆخ)دا بخولێمـەوە، دیـاره (وشــه)ی بێوەفـا بەهانامــەوە نایــەت، بۆیــه زمـانی ڕەنـگ و دەنگـم كـردە ئارامگەی گیانم، خۆ ئەز له بەرهەمەكانمـدا بـه ڕەنـگ نووسـیومە، بـه وشـه نیگـام كێشــاوە، هێشــتاكەش تاســەم دانــەمركاوە وەلێ، دەوامــی حــاڵ مەحاڵــه وەك دەگوترێ هەستەكان له كار دەكەون و تاریكایی ئاكامە.

بـاوكی خـەون و یـاد: ئەمێسـتا خـۆم بـه (ئـەبو عـەلائی مەعـەڕی) ی زەمانـه تێدەگـەم، چـونكه چـاڵی چـاوم بۆتــه بەندیخانــەی نیگـام، لەشــه پیســەكەم بۆتــه حەپسخانەی گیانم و خانگەكەمیش تاراوگەی لەشمە، گوێبگرە:

أراني في الثلاثة من شجوني فلا تسأل من الخبر النبيث.

لفقدي ناظري ولزوم بيتي وكونً النفس في الجسد الخبيث.

مەگــەر وەك كــوڕە نازدارەكــەی (یــەعقووب) لــه تــاریكیی بـیرەوە، ئەســتێرەی (بیرۆ)م لێ هەڵبێ، هەڵـدێ؟ دڵنیـام هـەڵبووە، ئـەی ئـەوە نییـه دەسـت و پەنجـەكانم بــه دەنیگــاوە دەپــەیڤن، دەنووســن، دەڕەنگێــنن و دەئــاوازێنن، ئــەوە نییــه تــاپۆ و تارمــایی دەتــارێنن، ئەمەیــه ڕوونــاكی لــه دوورەوە، كــه تــۆ جــوان جــوان لــه شـیعرەكانتدا، سەرپۆشـیان لەسـەر هەڵدەدەیتـەوە. لـه ناخـدا سـێبەر و تارمـایی و ڕەشایی هەرگیز نییە، چـونكه ئـەو سـێیه (ڕەش ـــ تارمـایی ـــ سـێبەر) ڕەنـگ نەبوونه و نـابن وەكـو لـه نووسـینێكمدا یـەكالام كردۆتـەوە. ( نـا... هـەرگیز، ڕەش و سـپی ڕەنـگ نـین) لێـرەدا سـپییەكه واتـا فیزیكییەكـەی مەبەسـتمە نـەك نـوور و

رووناکی. جا ئەمە شکۆمەندی و جاویدی نییە؟ ئەمە بوونە سەمەندەر نییە، پاش بوونە تیتزواسك؟ تۆ ئاسایی نەك ریخۆڵەی ناوکم بووبێتە پەروازەی ورد چنراوی رۆخی دەف، بەڵکو بوومەتە دەف و هەم ترپە سۆزناکەکانی لەو پیرۆزییەدا، لەگەڵ لەرەی پەنجەی دەفژەن و هەم لەگەڵ پەنجەی سەر کونەکانی شمشاڵی: ( **دەروێش عەبدوڵڵا**)دا دەلەرێمەوە، ئای خۆ: ( **قالەمەڕە** )م بیر چوو، خۆ ئەگەر سەدای شمشاڵی یەکەم لە شیعری: **(گۆران)**دا بەر گوێم کەوتووە. کەچی بەهەر شەش هەستەکانم لە توونی کوناوکونی شمشاڵە میتاڵەکەی خاڵە قالەدا هەناسەی ژیان و مردن دەدەن، ئەدی بەقا و مانەوە بۆ کێیە؟ بۆ یەزدان و جوانی و دادە. گەیشتمە ئاکامێك لە شیعرەکانتەوە، خودا شیعرە، کە چقڵی چاوی دووپشکان و بزنمژانە. شیعر تریفەی زبانە ناخییەکانە، بەر لەوەی لەسەر کاغەزی بێگەرددا ئۆقرە بگرێ بۆ چەند ساتێك، دەنا جیوەییانە ئەو شیعرە سرەوتی بۆ نییە و ..... نییە.

شاعیر لە بۆسەدایە بۆ راوکردنی وشە ورشەدارە نێچیرەکان، بە تۆڕی ئاوی بووبێت، یان تۆڕی زەوینی. مەلەوان راو بکات، یان فڕندە و باڵندەکانی زەریای رۆحی رەوان. خدر زیندانە، جۆشا و خرۆشا و خۆی لە کەنارەکانی ئەم مەڵبەندەی جوانییە نزیك دەکاتەوە و تەلیسمان دەپێکی، ئەوساکە رەنجدەر (هەڵۆ) دەبێتە (دڵ) و دڵیش دەبێتە قەقنەسی: سووتان + بەخشین بۆ زمانە پاراوەکەت، دەبێتە مووچڕکی دیداری (دڵبەر). ئەمە شکۆیە لە شانەشینی شالیاری شێوە شینە شاهۆی شانەکانی هۆشدا لە شەققەی باڵ بدات. تەماشا..... تەماشا، شینەکانی زمان لە دۆخی (پیت)ەوە، کراسگۆڕی دەکەن و ناو شینایەتی شینە ئاسمان و کووژەکە و یاقووتی شینە لاجیوەردییانەوە، ئەو شینانە شەرمنانە شەپۆل دەدەن و خۆ نیشان دەدەن بە ئێمەگەل، ئەمەشە شیعر کە دەخوازێ بیکەیتە نقێمی هەر دە پەنجەکانت بۆ درکاندنی پەنهان و

رازەکــانی بوونــەوەری. مــەگین ئــەو دەمــە هێلکــەی دیــودەری دانســقەی جــوانیی بترووکێ.

ئــەدی شــوێن، بێگومــان پێگــەی دیــاری هەیــە لــە پــاڵ کاتــدا، چــونکە، یەکــەم: ڕێگــەی داهێنانــە، دووەم: کانگایــەتی، ســێیەم: ڕێژگــە و ئەفرانــدن و ئیبداعەکەیــە، ئــەوە دەبیــنم ئــەو جێکاتــە ئــەزەلی و ســەرەدەمییە لــە لات چــڕ و خەســت بۆتــەوە بــۆ نــاو ( خــود ) و لــەوێوە بلاَچــە دەدەیــت و دەدرەوشــێیتەوە. دڵ، دەروون ، نــاخ لــە لات بۆتــە ئەلتــەرناتیڤی کۆســتارەکان و یــونیڤێرس universe...، دەك ئافــەرین، ئــەو جیهانــە هــەتا هــەتایی و زەبەلاحــەت لــەو دڵ و ڕۆحەتــدا هــەڵگرتووە، ئەمــە کاری پێغەمبەران و نوێبەخشــانە، مــن ئاســایی، نــەك خــۆم بــە پەیامبــەر، بــەڵکو بــە خــوداش زانیــوە، ئــەی ئــەڤین بــە واتــا ڕۆحییەکــەی وابــزانم مــەیی نــاو ســوراحییەی جوانســازی و خەڵقاندنــە. (خــەمر) هــەوێنی نوێبوونەوەیــە چ خــودایی بــوو، یــان خــەمرە ڕژاوەکــەی (خــەیام)، چــونکە هــەردووکیان مەســتمان دەکــەن و دەمانبەنــە ســەرووی واقیعــی خــۆم و خــۆت و خۆیــان ..... تــاد، لــەوێوەش و ئــارەزووە دزێــو و نەوســنەکان، وەك ئــەوەی بــە پۆشــاکی ڕۆحمانــەوە لکــابن، ئاوهایــە. دەخــۆت ڕاوەشــێنە و وردبــەرەوە لــەو تاقیگــە یەکلاییکەرەوەیــەدا. هەڵبەتــە ڕێچــکە شــکاندنت و ڕێچــکە شــکاندنم، قــیرەی قەلەڕەشــەکانی لێ ورووژانــدین و دیــارە سزامان، هەمان سزاکەی (سینمار ) دەبێت.

بنیاتنــانی کۆشــکی گەوهــەرنگینیی جــوانی و هونــەر، چــاوی ناحــەزان و کورتبینــان ئەبڵــەق دەکــات، نایانــەوێ شانەشــینی ورشــەدار ببیــنن، ڕەخنــەش کــەم دەســت و کۆڵــەوارە لەعاســت نــۆ کۆشــیعری تــۆ و شــەش کۆچیرۆکی بەنــدە، مەگــەر ترووســکاییەکی کزیــان بەرکــەوتبێت. قەڵــەمێکی بــوێر لای لــە ڕۆمــانی: ( پەرتــەوازەی ئێــرە و ئــەوێکانی ئــەوان) نەکردووەتــەوە. کــە موناقەشــەی هــزری فەلســەفەی گــریکم کــردووە و جیهــانبینیم لــە زۆر ڕووەوە دەرانــدووە. کــەوا ناچــار

بوومــه لــه دەقــی رۆمانــدا رەخنــه لــه رەخنــەگر بگــرم و تیۆرەکــانی ئــەدەب شــی بکەمــەوە. میتــا رۆمانییــەتی دەقــەکانم هێشــتا مــافی خۆیــان وەرنــەگرتووە، چــوون دەقــە ناوازەکــانی جــەنابت. چــاك لــه قەســیدەی: ( تــاك و جــووت) بــۆی چــوویتە (ئەوانگەل ) لــه قــوولایی دڵیانــەوە تاســاون، بــەلام ( ئومێــد ) هــەزاران بــاڵی هەیــە. لــه تــەك هــەزاران خــاڵ و تــاج و بــاج و...... ئــەمنیش هــەزاران پشــکۆ و پــەنگر و سکڵ، کانیلەیــەك لــه هــەڵقولاَن دواناخــەن، ئێمــە جوانینــاس و ماندوونەناسـین، ئێمــە شــەهیدی وشــەی ڕاســت پەرســتی و ناســکگۆین. دیــارە ئاشــەکەت، لــه دزێویــدا، لەجیاتی گەنم، دانەوێڵە، (نمەك = خــوێ) دەهــاڕێ. دەبیهــاڕە، زیــخ و بــەرد و ژەنگــی ڕۆژگار بچێژە تامی خۆنیگاراندن و بلاَچەکردن و فەیزی سرووشان.

شــیعر پــەیامی هەیــە؟ وەلاَم: نــا. خــۆی لــه خۆیــدا پەیامــە و هــەم بــالاَڕووانی ناخ و دەر. هــەتاکو ئێســتا باســم لــه هەســتەکان کــردووە، ئــەی نەســت و ئــەودیوی هەســتە ناســراوەکان. مەگــەر شــیعرییەتی زمــان لــه دەقــدا لێــوەی نزیــك بێتــەوە و وێنای بکات، بۆیە زۆرجــار بــەو زمانــە چــڕ و وێنــەکاری و هــزر ئــامێزە دەگوترێــت زمانی نوخبــە و تاکــە تاکــە، هەقیانــە و زۆریــش، چــونکە شــیعر ئــامراز نییــە لــەم ســەردەمەدا، بــەڵکو ئامانجــە، ئەمــەش ڕاســتییەکە و نکــۆڵی لێ نــاکرێ، واش پێشــبینی دەکــەم دروشمــی هونــەر بــۆ هــەموو. لــه ئاینــدەدا خــۆی لــه بــەرزەخی جوانیــدا بشــارێتەوە. دەبــێ شــیعر جۆرێــك نــەبێت لــه پەرســتنی خــودایی؟ وێنــا کردنــی ئــەم ڕۆژانــە جودایــە لــه وێنــاکردنی کلاســیکی، کــه (لێچــوو) و (لێچوێندراو) پێکیان دەهێنا.

شــاعیری نوێنیگــای ئەوڕۆکــە، بەرجەســتەکردنی وێناکردنەکــەیان مەبەســتە لــه مــەودای بینینــدا. ئەوەتــە وتووتــە: ( ســەرە پەنجــەکانت گــەرم دەبــن ـــــ ئــاوازی هەموو گۆرانییــەکت دێتــە گــوێ ) + ( چــاو چــرای ســەری مرۆڤــە ) بەنموونــە، یــان (کێڵگــەی پەراســووت پــڕ شــیرترین گوڵەگــەنمی هەســت دەگــرێ ) و زۆری تــریش لــه

سەوزگای چاوی ناخت دەپشکوێن و چرۆ دەکەن، باش بۆی چوویتە کە ( نە ژیان بردنەوەیە، نە مردن دۆڕان )، بەلاّم گەمەیەکی کۆمیدی - تراژیدییەکی هەلّنەهێندراوە و منیش پەیتا پەیتا باجی تەمەنم دەدەم، بە کێ؟ خۆشم نازانم، ئا، ئا، بە هونەر و بە جوانی، تۆ بنوارە، سیزیفی ئەفسانە بەردی سەر شانی دەهەورازێنێ، کەچی من ئەو بەردەمە کە بە تاوتل دەدەم و غلۆر دەبمەوە بەرەو نادیار. گیانەکەم، ( کەلّەکێوی لە تەمەن درێژیدا شاخی جوان دەبێت) ئەوە بۆ هەلّواسینە بەدیواردا گوللەی گڕدار سینگی دەپێکێ، خۆزگەم چەند بارە، بەو جوانبینییەت سەرسامم کەوا لە چاوەڕوانیی ( بەخششی ئەشق و خەلاّتی دیدار و مەئوای جاویدانی و خەرمانی خودایی)ت، بە واتایەکی روونتر بە ئاواتی پاداشت و قەرەبوویت. ئەز، بە پێچەوانەوە. ئەوم لەخۆمدا ناسی و دوور لە چاوەڕوانیی ( گۆدۆ )ی بێهوودە، دلّت لێم نەڕەنجێ هەی رەنجدەری داهێنەر و ئازاردراوی دەستی رۆح پیسەکان، خۆت وتەنی: پاشخاپەرۆکەکان: دە گوێ بۆ ئەم چیرۆکەی: ( رابیعە عەدەوی ) سۆفی هەرە مەزن بگرە. سەتلێ ئاو و باوەشێ پووشی پێبوو، کە کابرایەك پرسیاری لێ کرد: ها بۆ کوێ دەچیت؟ وەلاّمی دایەوە: بەم ئاوە دەچم دۆزەخ خامۆش بکەم و بەم پووش و پەلاّشەش بەهەشت بسووتێنم. کابرا واقی وڕمابوو، کە گزارەی کێشا: بۆ ئەوەی ئیتر پەرستنی خودا نە لە ترسی (ئاگر) بێت و نە بۆ پاداشتی (بەهەشت)ی دلاّرا، تەنیا بۆ خودی خودایی ئەو بێت و بەس.

ئەوەیە مێرگی راز و هێما و شتە بێناوەکان. ئەم جاویدییە بە کێ دەستەمۆ دەکرێت، براکەم. لەو دەمەی تلاوتل لەناو تەونی تەمەندا دەتوێمەوە. تۆ خالاّن بهۆنەوە و بیکە ملوانکەی گەردنی قەتێی گەرمەسێر و لەسەر بالّ و ژێر بالّی خالّخالّۆکاندا بخالّێنە، پێشتر نەمگوت خالّ پیرۆزە، چوون پەلکەزێڕینە و ئاوی بەقا. خالّ، خالّبوون، خۆت، خۆم...خ خ خ، خەون، خودا،

خـزان، خـەزان، خـۆر، خـەڵوەت، .... ئـاخ، داخ، خ خ خ تـۆ بـە تاسـەوە (سـەمای نووسـین) بگـرە و منـیش بینـاییم هەڵخسـتووە بـۆ تروسـکەیەکی گیانبـەخش، موژوەکـانم بوونەتـە تـۆڕی ڕاوکردنـی پەلکەڕەنگینـەکان نـەبادا بەیـەکجاری لـێم ون و ئـاوابن، ئەوسـا نقـوومی عـەدەم و تـاریکی، بریـا ئـەم تۆزقاڵـە ڕەشـکە و پێشـکەیەم دەرفـەتی چـەپکێ وشـەی تەلیسـمداری بـۆ دەرەخسـاندم، خۆزگـە ئـەم لاپەڕانەش دوا تۆمار نەدەبوون چاوەکەم ڕەنجدەری شیعر ڕۆشنا و ئارام.

بـاوکی خـەون و یـاد، پێـنج چـیرۆکۆکەم لـە مێشـکدایە، نـاوێرم بیانخەمـە گەرووی چاپخانەوە، نەبادا پەیمان شکێن بم، تۆ کەسی یەکەمی خوێنەریانیت:

## ١- سێو و سیاسەتمەدار:

دەرفـەتی گـوێگرتنم نـەبوو لـەو سیاسـەتمەدارە سـەر و ریـش – بـە بۆیـاخ – قەترانییـە، وەلێ لـە ڕۆژنامـەدا دەسـتکەوتم دەیـان هەڵـەی زمـان و ڕێنـووس بـوو، لێـرەش لـە بـازاڕە کراوەکـەدا بـە فرۆشـیارەکەم گـوت: کیلـۆی (ئۆمینـا/ omena) بـە چـەندە؟ گـوتی: ئۆمینـام نییـە، پەنجـەم بـۆ سـێوەکان درێـژ کـرد و چـاوی سەرسـامیم لێنـا، گـوتی: ئـا مـن (ئۆمێنـا/omena)م هەیـە، نـەك ئـەوەی تـۆ داواتکرد، لە بازاڕان وانەی زمان دەڵێن.

## ٢- شاعیرێك:

بـرا گچـکەکەی شـاعیری بەرهەڵسـتکار و ئاشـتیخواز شـانەی دەمانچـەکەی لـەو مێردمنداڵـە بـەتاڵ کـرد، چـونکە لـە خۆشـی بـەفر، تۆپـەڵێکی لـە ئۆتۆمبێلەکەیان گرتبوو.

## ٣- دەمانچە:

لــه خواردنگەکــەدا، ئەمینــداری گشــتی حیزبەکــە دەمانچــەکەی لەســەر مێزەکە جێهێشــتبوو، شــاگردەکە بەخۆشــی خۆشــی و هەڵــەداوان، دەمانچــەکەی بــۆ درێژکرد، کەچی پاسەوانانی ئەمینداری گشتی دایانە بەر ڕێژنەی کلاشینکۆف.

**٤- جێگۆڕکێ:**

ژنەکــە بــە شــووەکەی گــوت: بــا جێگــۆڕکێ بکــەین، پیاوەکــە گــوتی: شــووەکەم چۆن؟ ژن بە خۆویستــی ئامــاژەی بــۆ ســەرووی برۆکــانی و خــوارووی پێیــەکانی کــرد و بە دەنگیش گوتی: تۆ هەمیشــە لــە ســەروو بوویتــە، ئــەمجارە گۆڕانکــاری، تــۆ لــە خوارەوەبە لە سەردابەکەدا، منیش لە بانەوە دەچمە بانەبان .

**٥- تەورێکی ژەنگن:**

نــەمامێکی ناســکی جەنگەڵــە چــڕەکە، تــەورێکی ژەنگنــی لــە ڕێــرەوە تەســکەکەدا دی، هــاوار و فیغــانی بــەرز بــۆوە و لەشــی خــەڵتانی ئارەقــە و لــەرزین بــوو! دارکــاژێکی بــە تەمــەنی ئەزموونــدار، ئاوهــا هێــدی هێــدی، هێــور و ئــارامی کــردەوە. (( ئەگــەر تــۆ و برالــە جوانمێردەکانــت نەچــنە کونــە ژەنگنەکەیــەوە و یاریدەی هەڵسانی بدەن، هەرگیز ئەو بڕ و بکوژ نابێت.

بــەدڵتن؟ ئاشــنام بکــە بــە ( نــا.. و .. بــەڵێ )ت، بەهــەردووکیان ئاســوودە دەبم، چــونکە ئــەوەی دەبوایــە بمگوتبــا، گــوتم و خــۆم خســتە ســەر کاغــەز و لــە نــەیار و ناهــەق و نــاقۆڵا نەســڵەمیمەوە. بــێ ئــەوەی چــاو لــەڕێی ئافــەرین و (مایــە) و (ســایە) و (پایــە)بم. ئەوانــەیش، کــە لایــەکیان لــە حەرفــەکانم کردووەتــەوە، ویــژدانیان هانیــانی داون و هــیچ ئاماژەیــەکی بەنــدەی لــە پاڵــدا نــەبووە و ناشــبێت. بەیارمــەتی شــوانی نۆبــەرەم ( ز: ١٩٥٨ ) وەڵامــی ڤیــدیۆیی کاکــە: **(عەبــدوڵلا**

**سـلێمان مەشـخەڵ**)م دایـەوە و کاشـکێ دەتبینـی، هـەروەها (سەربەسـت کـەرکووکی) لەڕێگـەی مۆبایلـەوە چـەند پرسـیارێکی خێزانـی هـەبوو. وەڵامـی ئەویشـم دایـەوە بەڕاسـتەوخۆیی لـە ناکـارایی دیدەمـدا. ئـەوجا شـوان دەزانـێ لـە کام فەیس بووك/Facebook دایە .

ڕەوایـە گـەر بڵـێم لـەم (٨٠) قەسـیدەیەتدا گزینگـت داوە، گـڕت بەرداوەتـە زیوانگـە و دڕکـەجاڕی وشەفرۆشـی و هـەرزەگۆیی و تـەنافبازی و پیـت و فـەڕ زیندەبەچـاڵکردن، زیندەبەچـاڵکردنی جـوانیی، جـوانیی، جـوانیی ..... تـاد، ئەوپـەڕی جـوانیی. مـەودای هـەڵفڕینی ژەنگنووسـان، دووپشکنووسـان، قـەوزە نووسـان زۆر کورتـە و دەبنـە خڵتـە و ڕەشـایی ژێـر مەنجـەڵ، ئەوانگـەل میـدۆزا و ئەهریمـەنی وێـژەن. هـەموو جواننـاسـێك تـووك و نـەفرەتیان لێ دەکـات نا..نـا.. ئـیتر سـکاڵا لـە شـیعر مەکـە، نەکـەی.. ئـەوە نییـە نـەك (**پێکـی ئەشـق، بگـرە گـۆزەی پـڕی بـۆ هێناویـت.**) بـە تـارای سـرووش و تاسـەی وێنانـدن و تـەزووی خۆدۆزینـەوە داپۆشـیویت. لـە بـەرزەخی بوونـژیان + نەبوونمردنـدا لایەلایـەت بـۆ دەکات. لەو ئانەیدا خـەریکی دۆنایـدۆنیت بـۆ بوونـە: (هـەڵۆ مێـرد)ی چـوون هـەڵۆ قـژ چـەرمووی ڕۆمـانێکم، بەختـەوەر خـۆت. تاکـە جـوانی لەوەدایـە خـۆ بناسـی و گوێ بۆ زەنگـی نـاخ بتـەکێنی هـەی بەهرەمەنـدی گۆڕانکـار. بـە سـەد و بیسـت و چـوار هـەزار سـروەت دەسـپێرم. گیانەکـەم، لـە دەقێکمـدا هەیـە کـە پـێش وشـە جوانیی هـەبووە، ئـا ئـەوە جوانییـە بـێ هاوتـا و بـێ مانەنـدە وشـەی ئەفرانـدووە و وشـەش ئێمـەی هاویشـتووەتە نـاو کایەکـەوە تـا وەك کەلایـەك بـین لـە کریسـتاڵ.. ئا.. ئا.. کەلایەك و بەس.

لـەو گەمەیـەدا کـەلا دەبێتـە گرۆڵەبـەن و پـەیتا پـەیتا غلـۆر دەبێتـەوە هـەتا ئەوسـەری دیکـەی بەنەکـە، بـە واتـای تـە جرید abstract هـەمان دوو خاڵەکـەی دەسپێك و کۆتایە.

ئازیزەکەم. تۆ وتەنی: **بەتاڵ. بەتاڵ. بەتاڵ. بەتاڵ** ئەو دوو خاڵە.

هەمان دووخـاڵی سـەر جووتـە نـوونی: (ژیـان و مردن)ەکـەی: (دوا تاریکی)تـە. ئا.. ئا.. خاڵە مەزنەکەی و لـە منـی بژنـەوە: گشـت ڕووەو ئـەو خاڵـە دەچـین. هـەم لـە خاڵەکـەش پەیـدا بووینـە، تیـۆری (Big Bang)یـش وای گوتـووە، ئـەوجا بـە (ڕاستی) وەربگریت، یان (نموونەیی).

خـۆ ڕاستیشـە وتووتـە: (جـوانی هـەموو کـات هـی مـن بـووە) سـەنگ و مەحەکە. ئەمیش (شکۆی) پەیامەکەتە.

لەدوا ئاواتمدا دەخـوازم لـە بەنـدە زیـاتر بـژیت و (٨٠) سـاڵ تێپـەڕێنی. دێمـەوە سەر کرۆکی ڕۆمـان، کـە دامێنـی تەمـەنم بـۆ تـەرخانکرد، هونەرێکـە سـەربەخۆی خـۆی. دەڵـێم: ئامـانجی نووسـەرەکەی هـەر ئـەوە نییـە، کـە بـڕوا بـەو عالەمـەی بکـەین و لەگـەڵ کەسـێتییەکانی بـژین، بـەڵکو دەشـبێ لایـەنی: ١- چـێژ. ٢- سەرسـامیی لـەلامان دروسـت بکـات، ڕێگـەی بـۆ ئـەم مەبەسـتە. ١- شـەپۆلی ئاگایی. ٢- گێـڕەرەوەی نـاوخۆی. ٣- چـیرۆك لـەناو چـیرۆك. ٤- دەقئـاوێزانیی لـە هونـەرەکانی تـرووو......، چـونکە هونـەرەکان — لـەوانیش ڕۆمـان — زەروورەتـی خـۆی لـە موغامـەرەی بێکۆتـایی دەدۆزێتـەوە، بۆیـە بـەهیچ شـێوەیەك (تەعریف)ێکی سەقامگیر نییـە بـۆ ئـەم هونـەرە ڕوو لـە پێشـە. ڕەگـەزەکانی بەنـد ناکرێن لە قاڵبی ئاساییدا. شـێوە لـە هونـەردا بـە هـیچ جۆرێـك پـیرۆز و موقـەدەس نەبووە و نابێت بەمـەرجێك، ئەگـەر ئـەو شـێوەیە لـە بەرژەوەنـدیی بابـەت بووبێـت. بـەڵام ڕۆمـان کەڵکمەنـد بـووە لـە جـۆر و شـێوەی پیتـەکان و دامەزرانـدنیان لـە پانتـایی لاپـەڕەدا، بـەکارهێنانی وێنـە و نیگـار و قـەرزکردنی دەقـی تـر و ..... تـاد، وەك ڕەخنـەگر دکتـۆر: ( یـومنی العیـد) دەڵێـت: (خوێندنـەوەی ڕەخنـەیی ئاگـادار لـە پەیکـەری دەقـی نـوێ، دەخـوازێ یارمـەتی خوێنـەر بـدات لـە چـێژ وەرگرتن و زانینی نهێنییەکانی گەمەکە و هونەری داڕشتنەکان).

لەڕێگـەی خوێندنـەوەی زانسـتی (شـێوە)وە، خوێنـەر دەگاتـە نـاوەرۆك و بابـەت و بـەهیچ پێودانگێـك گەمەیـەکی شـکڵبازی نییـە... نـا، بـە نموونـە: جیـاوازی ئۆکسـجین و ئـۆزۆن لـە ژمـارەی گەردیلەکانیانـدا نییـە، یەکـەمیان دوو گەردیلەیـە و دووەم سـێ گەردیلەیـە، بـەڵکو جیاوازییەکـە لـە (پەیوەنـدیی نـاوخۆیی ئـەو گەردیلانە)دایـە. هەڵبەتـە بـە زیـادکردنی گەردیلەیـەکی، ئۆکسـجین نابێتـە ئـۆزۆن. ئەمـەیش لـەم بەراوردەمانـدا دەکـەین، ناشـێت دوور لـە (نـاوەرۆك) بڕوانینـە (شـێوە)، چـونکە لـە بنـەمادا نووسـین بەرجەسـتەکردنی مانایـە و ناشـکرێ چـڕی بکەینـەوە لـەو مانایـەدا و بـەس. کەواتـە: دوو ڕەگـەزی پێکهێنـەرن. دابڕانـدنی ئـەو دوو ڕەگـەزە، بەلامـەوە مـەودا جەوهـەری و هونەرییەکـە لـە دەسـت دەچـن، دەمێکە (هینری حجـی) گوتوویـەتی: (گـرینگ ئـەوە نییـە چـی دەنووسـیت، بـەڵام چـۆن دەنووسـیت.) لـەم سـۆنگەیەوە (بـاختین) بۆچـوونێکی ڕاسـتی دەرانـدووە: (ڕۆمـان تاقـە ڕەگـەزێکی ناتـەواوە، واش دەمێنێتـەوە، ئـەزموونێك لـە ئاسـتی شـکڵدا بـەرەو پوختبـوون (کمـال) دەبـات، ڕێگـەی دیـش هـەن.) ئەمـەش وا لـە خوێنـەری ئـەمڕۆ دەکـات، کـە واز لـە (بـێ لایـەنی)ی خـۆی بـێنێ و وەکـو بەشدارێك ڕۆبچـێتە پێچاوپێچـی دەقەکـەوە، وەکـو بەشـدارێك لـە تـەك کەسـەکاندا و تێهەڵکێشی جێکات و (فەزا)کان.

حەزمـەدەکرد دووبـارە بـە ئەزموونـە ڕۆحـی و هونەرییەکەمـدا بچـیتەوە لـە ڕۆمـانی: (ڕەنگسـتانی ئەفسـانە، یـان ئەفسـانەی ڕەنگسـتان). چـاوی داهێنـەران ماچ دەکەم و ڕێزم بـۆ داهێنـان هەیـە. بەتایبـەتی چـاوی: **(تـۆ و ئەحمـەدی مـەلا)**، هەردووکتان لـە پلـەی بـاڵای داهێنـانی شـیعردا و **(ئـەدیب نـادر)** لـە پلـەی بـاڵای داهێنانی چیرۆکدا و: **(کـاروان عومـەر کاکەسـوور)**یـش لـە پلـەی بـاڵای داهێنـانی ڕۆماندا دەبینم. هیوام بە گەنج زۆرە و نیشانەی گۆڕانکارین.

تێبینی: من شێوە ڕۆمانێکم هاویشتە ناو کایە هونەرییەکەوە، کە سەربەخۆمە.

عەبدوڵلاّ سەڕاج
٢٠١٦/٦/١٨ فنلاند

## ٢٠

## ١

بـــرای دڵســـۆزی خۆشەویســـت: کاکـــە ســـەباح ڕەنجـــدەر. ئـــەوەی وەك هەڵوێســـتی داهێنەرێك لـــەلام مایـــەوە و جێگیربـــوو، لـــە ناوەڕاســـتی هەشـــتاکاندا شـــیعرێکت لـــە گۆڤاری (بەیان) بـــوو، لـــە ســـەردانێکدا بـــۆ بەغـــدا ســـەرێکت لـــە دەزگـــای ڕۆشـــنبیری و بڵاوکردنـــەوە کـــوردی دا، کـــە **(ئـــازاد شـــوان)** ســـکرتێری نووســـین بـــوو، ئێمـــەش دە کـــەس دەســـتەی نووســـەران: هەڵوێســـتێکی زۆر یاخییانـــە و بێمنـــەتت نوانـــد و گوتـــت: مـــن نـــەهاتووم داوای ئـــەوەتان لێ بکـــەم، ئەڵڵاقۆیســـەن شـــیعرەکەم بـــۆ بڵاوبکەنـــەوە. تـــەنیا دەمـــەوێ ئـــەوە بپرســـم، ئایـــا بڵاودەکرێتـــەوە، یـــان نـــا و بـــەس. خۆ ئەگـــەر شـــیعری لـــە هـــی مـــن باشتریشـــتان لایـــە، ئـــەو بڵاوبکەنـــەوە ئـــەوەی مـــن بـــەلاوەبنێن. مـــن لـــەو مامەڵەیـــە و بڕوابـــەخۆبوون و یاخیبوونـــە ڕاســـتەقینەیەدا ئـــەوەم لـــە بەهرەیـــەکی تـــازە لاو خوێنـــدەوە و پێشـــبینیی ئـــەوەم کـــرد دەبیتـــە شـــاعیرێکی داهێنـــەر، هـــەروەهاش دەرچـــوو. لـــە ڕۆژنامـــەی هـــەولێر ٢٠١٧/١/٢٢ و ژمارەکـــانی دوای ئـــەو مانیفێســـتە بـــە تانوپۆکـــەتم خوێنـــدەوە بـــە ناونیشـــانی: (ناســـینی بـــوونی شـــیعر و خـــۆ دەستنیشـــانکردن – مانیفێســـتی شـــیعری)، کـــە پێکهـــاتووە لـــە (٤٠) وێســـتگەی دەربڕینـــی بـــیروڕا و بۆچـــوون و مـــاکی داهێنـــانی

ئەدەبیی بێ ناونیشان، یان بڵێین ناونیشانی هەر وێستگەیەك لە كۆتاییدا بە شێوەیەكی هونەرمەندانە دەستنیشان كراوە. ئەم وێستگەی دەربڕینانەش بە كۆی ناونیشانەكانیانەوە بە زمانێكی شاعیرانە ناوەڕۆك و تانوپۆی شیعری شاعیر دیاری دەكەن.

كاكی برا: لە جارِدانی ئەم مانیفێستە دەستخۆشیت لێ دەكەم، ئەمەش شێوازێكی تازەیە، ئەگەر شیعرەكانت بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە نەدەن، ئەم مانیفێستە چەندان پەنجەرە و دەركە لە باڵەخانەی شیعرەكانت دەكاتەوە و كەشوهەوایەكی تەواو تەنزیرییانەت ڕسكاندووە.

## ٢

بەو بۆنەیەوە، كە باسی شیعرەكانت هاتەكایەوە، دەمەوێ پێت بڵێم بۆ من و ئێمەمانانی پەروەردەی شیعری كلاسیكی بە كێش و پاشبەند و جەستەی ڕەقی فارسی و عەرەبی ئامێز. دواتر شیعری تازەی: (**گۆران**)ی خاوەن ناوەند. شیعری لاوێكی یاخیی بێ ئەمر و گوێی شێوازی پەیڕەوكراو، دامەزرێنی شیعرێكی ئازاد، ئازاد لە بیركردنەوە، ئازاد لە داڕشتن، ئازاد لە وێنە، ڕستەسازی و خاڵبەندی، ئازاد لە ڕێبازی ئایدیۆلۆژی و سیاسییانەی سەردەم و هی دیش. دیارە یەكەوهەل ئەوەمان لا پەسند نابێت، چونكە لەناو ئاپۆرای شیعری ئەو سەردەمەدا شیعرێكی تازەی یاخی ئاوەها زۆر زەحمەتە جێ پێی خۆی بكاتەوە و زۆر كەس پشتیوانی لێ بكات، یاخیبوونی ڕاستەقینە ئەوەیە بزانی ئەو شتەی لێی یاخی دەبی چییە؟ تۆ زانیوتە ئەو شێوازەی لێی یاخی بووی چییە؟

منیش، کە تازە بەتازە لە ڕێی هەندێك کتێب و گۆڤاری (ئاداب و ئەدیب)ی لوبنانییەوە ئاگاداری باسی شاعیرانی ڕۆمانتیك و ڕەمزیی فەرەنسا دەبووم، شاعیرانی یاخی وەکو (بۆدلێر) و (ڕامبۆ) سەرنجیان ڕادەکێشام و بە دوای دەقی تازە و نوێخوازدا دەگەڕام. با لەگەڵ ڕێبازەکەی منیش لە شیعردا جیاوازبن. بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردیی تازەماندا.

سالانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەمەودوا کۆمەڵێك شاعیری بە توانامان هەڵکەوتن، کە حەز بە شیعرەکانیان دەکەم. لەوانە: **جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر** ..... تاد، بەلام جگە لەوان و بە تایبەتیش شیعری دوو شاعیری تازەی ڕێچکە ئازاد زیاتر سەرنجیان ڕاکێشاوم، ئەوانیش: (**سەباح ڕەنجدەر**)ی خاوەندی (زێوان) و (ڕووەکەکانی خوداوەند) و (مردوویەك ئاگای لە هەمووانە) و (سروودی زەوی) و هیتریش. لەگەڵ: (**قوبادی جەلیزادە**)ی خاوەندی (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) و کۆشیعرەکانی دیکەی، کە ئازادانە لە بابەتی ئیرۆتیك و جوانیی لە شولاری ژن بەهرەی نواندووە. هەر دووکیان سەرفرازانە و سەرسەختانە ڕێبازی شیعریی خۆیان گرتووەتە بەر و لاسایی شاعیرانی تریان نەکردووەتەوە.

## ٣

کاکــەی ڕەنجــدەر: کــە لــە بەغــدابووم چــەند کۆپلەیــەکی شــیعرەکانتم لــە کوردییەوە بەناونیشانی: (لە ئــەدەبی تــازەی کوردییــەوە) کــرد بــە عــەرەبی بــردم بــۆ ئیــدارەی گۆڤــاری: (ئــەقلام) و دامــە دەســت: (محەمــەد موبــارەك)ی سەرنووســەری گۆڤارەکە، کە ناسیاوێکی نزیکم بــوو، بــە هیــوای ئــەوە لــە ژمــارەی داهــاتووی ئــەو دەمــەی: (ئــەقلام)دا بڵاوبکرێتــەوە. داخەکــەم دوای چــەند ڕۆژ: (محەمــەد موبــارەك) بە هــۆی هەنــدێك ئــاڵۆگۆڕی سیاســییەوە لەســەر کــارلادرا و دەقەکــە بڵاونەکرایــەوە و ڕەشنووسەکەشــم دەســت نەکەوتــەوە و ئاگــام لەبڵاوکردنــەوەی بــڕا. ئەمــەش وەکــو دەڵێن نازانم لە ناوچەوانی تۆ بوو، یان هی من.

## ٤

کــاك ســەباح: لــە شــیعرەکانتدا ســۆزێکی گــەورەی خوداپەرســتی و سەرچــاوەی ئاییــنپــەروەری دەبیــنم. ئەگەرچــی وەکــو خــۆت نووســیوتە ســەر بــە هــیچ ئایدیۆلۆژیایەك نیــت و لایەنگریشــی نابیــت، هــەروەها نووســیوتە: (بــە نــان و ئــاوی ویســت و خۆبــوونی خــۆم دەژیــم)، بــەڵام دەڵێــی: (ئامۆژگارییــە ئاسمانییــەکان هەمیشــە لــە بــیرم دان و فەرامۆشــیان ناکــەم.) تــۆی شــاعیرێکی یــاخی، کــە هــەوڵ دەدەی شیعری بێ گــەرد بەرهــەم بهێنــی و دەســەڵاتی سیاســی دەســتگیرت نــەکات، دەبــێ لــەو واقیعــەی تێیــدا دەژی هەڵوێســتێکی گــەش و مرۆڤانــەت هــەبێت.

وەنەبێ شیعرەکانیشت هەر لە بازنەی: (هونەر بۆ هونەر)دا بخولێنەوە و وازیان لە واقیعی گەل و کارەساتی ڕۆژگار هێنابێ و تەنیا لە ئاسمانی خەون و خەیاڵ باڵەفرکێ بکەن. نا گەلێ باسی وەکو شەهید، براکوژی، کیمیاباران، ئەنفال، باری کارەستباری کورد و ..... تاد و گەلێك مانای زادەی واقیع لە بەرگی ئاوریشمینی دێڕی پڕ خەون و خەیاڵ خۆیان بە دەردەخەن.

## ٥

ئەو شیعرە ئازادەی لە ڕێچکەی (باو) دەردەچێت، نابێ سەرسام بین، ئەگەر نەك هەر خوێنەران، بەڵکو ڕەخنەگر و توێژەرانیش بە رووخۆشی ئاوڕی لێ نەدەنەوە. لە مێژووی ئەدەبدا بۆ ئەم جۆرە ڕەوتە نموونە زۆرە، دەشزانم شاعیرانی دەوروبەرت. (شارەکەت) ئازارت دەدەن و پەلپی بێ بنەمات بۆ دەدۆزنەوە و ئاستەنگت بۆ دروست دەکەن. (ڕەسووڵ هەمزە تۆڤ) گوتەنی: ئەوان گۆرانیبێژنین، کۆرسن.

لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی لەناو شیعری سۆفیگەریدا نموونەی وا هەیە، کە لە ڕێچکە دەرچوون و لە بازنەی غەزەلی خوداناسی و خۆشەویستیی خودادا شیعری وایان هەیە مەلا و زانایانی ئیسلام بە چاك تێی ناڕوانن، بەڵکو هەندێ جار بەکفریشیان دادەنێن، ئەمە جگە لە (شەتەحات). شیعری: (حەللاج) و جەلالەدینی مەولەویی ڕۆمی کەسی خۆی دەوێ بێ لەسەر ڕێبازی سۆفیگەریی شی بکاتەوە و مانا و مەبەستی خودا خۆشەویستی لێ بخاتە ڕوو.

لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ت. س. ئیلیەت شاعیرێکی داهێنەر و بەناوبانگ و خاوەن ناوەندە، بەڵام شیعرەکانی بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادەن. بە نموونە من

شـیعرێکی ت. س. ئیلیـەتم بـە زمـانی عـەرەبی بـە ناونیشـانی: (چوارشـەممەی خۆڵـەمێش) دەخوێنـدەوە لـە مەبەسـت و ماناکـەی نەدەگەیشـتم. هـەتا توێژینەوەیـەکم لـەبارەی ئـەو شـیعرە (هـەر بـە عـەرەبی) خوێنـدەوە، کـە زانـیم: (چوارشـەممەی خۆڵـەمێش) بۆنـە، یـان سـرووتێکی ئـایینی دیـان و مەسـیحییە و شـیعرەکە لـە دەوریـدا دەخولێتـەوە و بـیری ورد و هونـەرکاری لـە شـێواز و دارشتندا بەکارهاتووە.

شیعرەکانی تۆش، کـە لـە دوو بـەرگی (سـی سـاڵ شـیعر: چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات – هـەولێر ۲۰۱۲.)دا، ۹۰۰ لاپـەڕەیان گرتووەتـەوە، ئێسـتاش بـەردەوام شـیعر بڵاودەکەیتـەوە، بـێ گومـان ئەگـەر زۆر کەسـیش لێیـان تێنەگەیشـتن ئـەوە وەکـو خـۆت نووسـیوتە: (گـرینگ ئەوەیـە ئەگـەر لـە شـیعرەکە نەگەیشـتی یادگـارێکی جـوان لـە وشـە و خـەیاڵی ڕەنگـاوڕەنگ بەدەسـت دەهێنـی) بـە دڵنیاییـەوەش نموونـەی داهێنـانن و خـاوەن ناوەنـدن، (چـونکە نووسـراوی داهێنـدراو تـەنیا بـە تێڕامـان و نـاخ و ڕوونبوونـەوە و جیهـانبینی و بـەهرە خەمڵانـدن مەزنایـەتی وەردەگرێ.)

کتێبـی: (سـێ کتێـب لـەبارەی شـیعرەوە: چـاپخانەی بینـایی – سـلێمانی۲۰۱۳.) گوزارشـتێکی گیـانیی ورد و قووڵـە، زۆر دەروازەی شـیعرەکانت ڕوونـاك دەکاتـەوە، وێسـتگەی دەربـڕین و بـیروڕا و بۆچـوونی هونـەری و وتارگەلێکی چڕ و پڕ مانـان. پێشـاندانی هونـەری کۆمـەڵێك شـاعیری پێشـەنگ لـە ئـەدەبی کوردیمانـدا جێگـەی ئاوڕدانەوەیـەکی دەستخۆشـانە و نیگایـەکی زانستانەیە و پێچەوانەی بەرچاوتەنگی و من منۆکێیە.

# ٦

لــــه ژمـــــارەی ڕۆژی ٢٠١٦\٦\٢١ ڕۆژنامــــەی هــــەولێردا شـــــیعرێکت بڵاوکردووەتــەوە بــە ناونیشــانی (ڕسـکانی گیــان) چــی تێــدا نییــە، ئەگــەر مــن بــە ڕسکانی گیانی خانمی شیعرەکانتی بـزانم، (نواڵــە) خــان، کــە ئــەم نــاوە بــەردەوام لــە شــیعرەکانتدا دووبــارە دەبێتــەوە. پــێش پــەنجا و دوو ســاڵ وەکــو نووســیوتە: (لــە ٢٠\٦\١٩٦٤ ژان لــە پشــتی بابــە ئــادەم دەرچــوو، شــیر ڕژایــە ڕەزی ســینگی دایــە حــەوا، نــاوکبڕینی نواڵــە بــوو بــە ورشــەی شــکۆ و نــەمری.) مــن لــە مــەودای بیرکردنــەوەی خۆمــدا هــەر بــیر دەکەمــەوە، ئایــا دەبــێ مێــژووی ٢٠\٦\١٩٦٤ چ مێژوویــەك بێــت؟ بۆچــی لــە ڕۆژی ٢٠\٦\٢٠١٦دا بــە شــیعر یــادی دەکەیتــەوە؟ هەر چۆنێك بێــت شــیعرەکە هەڵــدەگرێ گــەلێك ڕاز و نهێنــی تێــدا مەبەســت بێــت، کە من لێیان حاڵی نەبووم. ئەگەر وایە ئەو یادە هەر پیرۆزبێت.

**عەبدولڕەزاق بیمار**
**٢٠١٧\٢\٦ کۆیە**

## ٢١

بـرای بـەڕێز کـاك سـەباح ڕەنجـدەر: زۆر هـەواڵت دەپرسـم. لای مـن شـیعر بـۆ خۆی قسـەیەکە، کـە دەچـێتە تـەنزیرەوە دەبێتـە قسـەیەکی تـر، کـە ئارسـتەکەشـی گۆڕا بەرەو نوێگەری دەچێتە تۆڕێکی بێ ئەژماری قسەکردنەوە.

ئـەزموونی تازەگـەری لای ئێمـە، تەکانێکـە، وەڕسـبوونێکە لـەو تەنکـە ئـاوەی کە: (**عەبدوڵڵا پەشێو**) باسی لێـوە دەکـات، گـوڕی ئـەو وەڕسـییە زۆر جـار بـازێکی گەورە دروست دەکات، بەڵام بـە چـەند قۆناغێـك زۆر کـەمـی دەمێنێتـەوە بـبێ بـە پەشـیمان بـوو، نـەوەك لـەو دەرپەڕینـەی یەکـەمجـار. ئەگـەر لـەتیف هەڵمـەت: (بـەڕێزێکی یـەکجار زۆرەوە) نموونەیـەك بـێ بـۆ پێوانـەکردن، ئەگـەر لـەتیف هەڵمـەت بـە ئـەزموونی: (خـواو شـارە بچـکۆلەکەمـان) دەسـتی پێکردبێـت، ئـەوا نـاتوانین دان بـەو ڕاسـتییە نـەنێین، کـە ئـەزموونی: (پرچـی ئـەو کچـە ڕەشمـاڵی گـەرمیان و کوێسـتانی منـە، گـەردەلوولی سـپی) لـەتیف هەڵمـەتیان کـردووە بـەو شـاعیرەی کـە ئـەمڕۆ هەیـە. ئـەو ئەزموونانـەش کـە ئـەمڕۆ لـەتیف هەڵمـەتیان لەسەر وەستاوە، بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان: (پرچـی ئـەو کچـە ڕەشمـاڵی گـەرمیان و کوێستانی منە، گـەردەلوولی سـپی)ن. نـەك: (خـواو شـارە بچـکۆلەکەمـان). تـەنیا ئـەزموونێك کـە مـەرجیش نییـە مـن (بـەڕێزێکی یـەکجار زۆرەوە) هاوسـۆز بم لەگەڵیـدا، توانیویـەتی (بـە تێبـینی زۆر زۆری هەموانـەوە) بـە هـەمان ڕێـژەی

گەرموگوڕی هەنگاوی یەکەمەوە درێژەی بە هەمان ئەزموون و هەڵکشانی دابێ: (**ئەنوەر مەسیفی**)ە، کە هێڵی بەیانی ئەزموونی ئەو بە هەمان تەرەدوودەوە سەرکەوتووە، بەبێ (پەشیمان بوونەوە). (کە من دەستەواژەی پەشیمان بوونەوە لەم نامەیەدا بۆ دیاریکردنی سنووری جیاوازی و ئەزموونەکان، وەك دەستەواژەیەکی ناچاری بەکار دێنم).

ئەزموونی شاعیرانی هەولێریش ئەزموونێکی جیاواز و دەوڵەمەندە، کە لەك و پۆپی ئێجگار زۆرە و ڕێژەی پەشیمان بوونەوەشیان جیاوازە، لێرەدا مەبەستم وتەکەی ئەدۆنیسە کە دەڵێت: (یەکێك لە خاڵە لاوازەکانم ئەوەیە کە لە کاتی نووسینی هەندێك شیعردا، کەسێکم پێشنیار کردووە کە بۆ ئەو دەنووسم) کە من بۆخۆم زۆر جار لەگەڵ ئەو تێبینییەی تۆدۆرۆفدا: (مانای گەیاندن هەم کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت و هەم ئاماژەشە بۆ ئەو. هەمیشە مرۆڤ گوتارەکانی خۆی بە تەواوەتی ئاراستەی کەسێك دەکات. ئەم کەسەش، کە گوتاری ئاراستەکراوە وا زەن ناکرێت کە ڕۆڵێکی ناکارای هەبێ). بەراوردی دەکەم دەمگەیەنن بە کۆمەڵێك هاوکێشەی ئاڵۆز کە بە تەنیا شیعر هاوسەنگییان پێ دەبەخشێ.

ئەزموونی ئێوەش لە نێوان (زێوان)و دوا شیعرتدا کە لە (ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)دا زۆر نییە بڵاوبووەتەوە، هەست دەکەم زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، گۆڕانکاری لەو پەیوەندییانەی کە ڕایەڵت کردوون لە قۆناغی ئێستادا، هەم لە بەکارهێنانی زەخیرەی شیعری خۆتدا: (زمان، میتافۆر، پێکهێنانی ڕستە، دنیابینی، بیرکردنەوە) هەم لەو نزیکبوونەوەی تۆ و ئەوی تر/ خوێنەر/ کۆمەڵگا، بە خۆلادان لە پێوانەی ئەو پرۆسە گریمانکراوەی باسمان کرد، پەشیمان بوونەوە، کە تۆش کەموزۆر لێی بێبەش نیت، تۆ ئەزموونێکی سوودت لە هەنگاوی یەکەمدا وەرگرتووە و لە قۆناغی

پەشیمان بووەنەوەدا، کـە پەشـیمان بووەنـەوەی تـۆش ئەگـەر کـەمـتر نـەبێت، ئـەوا پردێـك بـووە بـۆ نیشـتەجێبوون لـەو وێسـتگەیەدا کـە پێویسـتە شـیعر شـتێکی هەبێ بۆ وتن لە نێـوان ئـەو وێسـتگەیە و ئیشـراق و تـەکان و هـەنگاوی یەکـەمـدا، ئـەزموونێك دروسـت بـووە، پێویسـتە لـەدەرەوەی زۆرانبـازی و پیاهەڵـدان و شکاندن بخوێندرێتەوە.

**عیسا چیایی**

**گەرمیان ٢٠١٧/٣/٢٧**